Hasanpour beskriver glädje och sorg. Ibland gråter vi och ibland skrattar vi högt när vi läser hennes självbiografi. Hon berättar om ett kurdiskt par som är lyckligt gifta och har ett harmoniskt liv och ett annat par som lever i ständigt konflikt.

Hasanpour och hennes lille bror Fazel har varit vänner och hans bortgång påverkar henne starkt.

Hasanpour skildrar kvinnornas vardags liv, att laga mat, städa, tvätta kläder, ta hand om barn och hjälpa dem. Ett arbete som oftast inte blir uppskattat.

www.arsivakurd.org




ئاگاداری سـەبارەت بە چاپی: "دەچمەوە سابڵاغ"
شـیلانی حەسـەنپور
دە کرێ لە حە فتە ی داهاتوو ڕا
کتێبە کە ی لە چاپخانە ی بکڕن:
Apec Förlag AB
Box 8121
S-165 08 Spånga
Tel: 08-761 81 18
Fax: 08-761 24 90
E-post: orderapec@telia.com

قیـمە ت : 200 کڕون خە رجی پۆستی لێ زیاد دە کرێ
کتێبە کە 436 لاپە ڕە یە
لە ئە مریکا پێوە ندی بگرن لە گە ڵ
شـیلانی حەسـەنپور

Callaghan, Shilan
Shilan.mahabad@gmail.com

ڕۆژی چاپ - 27.04.2012

www.arsivakurdi.org

## فرمێسکی وان

لەژێر دار و پەردووی وانا

هاتوومە بەر گوێی کەڕی تۆ!

هاتووم لەخەو ڕاتپەڕێنم!

من ناس دەکەی؟

***********************

ئەز فرمێسکم

بە ڕەنگی خۆڵ

بە ڕەنگی خوێن

بەرەبەیان

بەسەر گۆنای نەشۆراوی منالانا

وێڵ و حەیران

لە سەر شەقام، لە کۆلانا

لە دوای دایکێکی هەڵنەستاو

بە شوێن باوکێکی بەندکراو

نەرم و نییان

هێدی هێدی

هەڵدەوەرم

نەکا، نەکا!

کە ئاوازەی

دەنگی ترپەی

هەڵوەرینی فرمێسکی من

کاریگەر بێ!

*********************

نەکا، نەکا!

بەم پاییزە سارد و سڕەی شاری وان و

بە فرمێسکی خۆڵاویی من

بە فرمێسکی خوێناویی من

ویژدانی نووستووی چەند سەدەی

بەناو لایەنگری مرۆڤ!

وەخەبەر بێ!

وەخەبەر بێ!

بەرەبەیانیی ٢١ـ ٠٨ـ ١٣٩٠ / ١٢ـ١١ـ ٢٠١١ سوید







کاتێ چاوت بەرەو چاوم خۆری چاوانتی هەڵهێنا
چاوەکانت چاوەکانمی بە سەیری چاوت ڕاهێنــا
چاوەکەم بلێ بە چاوانت چاوانم فێری خەم نەکەن
بـا چاوانم نەبنە چاوێك پڕ لە گریەو خەم و شیوەن

www.arsivakurdi.org

## "فرمێسکی وان"

سولەیمان زەکی (سوورکێو)

پاییز پاییز!

هەستە لەخەو!

من ناس دەکەی؟

ئەز زارۆکم

ئەز فرمێسکم

ئەز هاواری خەڵکی وانم

هاوارێکی نەبیستراو

هەڤاڵێکی نەخوێندراو

*******************

پاییز پاییز!

وا بەیانە، هەستە لەخەو!

ئەز هاڤاڵم، ئەز جیرانم

ئەز بێ ماڵم، ئەز حەیرانم

حەیرانێکی ژێرگڵکراو

دەنگێکی مات و کپ کراو

من ناس دەکەی؟

******************

پاییز پاییز!

هەستە لەخەو!

ئەز هەڤاڵم!

هەڤاڵێکی دەڵتەزێنی نەخوێندراوەم

لە وڵاتی خۆرەوە دێم

هەر ئەو خۆرەی، بە تۆپە قوڕ



دەیان هەوێت بەری بگرن!
من ناس دەکەی؟

**************

ئەز دەنگم دەنگ

دەنگی بێدەنگی هەڵوەرییینی زەنگ

دەنگی هەڵوەرییینی زەنگی بەرەبەیانیی مەکتەبم

لە مەکتەبی زارۆکەکان

زارۆکەکانی شێخ سەعید

بەڵێ، شێخ سەعیدی پیران!

ئەز دەنگی هەڵوەرییینی زەنگی، بەرەبەیانیی مەکتەبی، زارۆکەکانی شێخ سەعیدی پیرانم!

ئێستا دەنگی من ناس دەکەی؟

دەنگ، زەنگ، بەیان!

زارۆک، حەیران!

وان، پیران!

من ناس ناکەی؟

*****************

من ئاوازەم لە هاواری مناڵانا

بەرەبەیان

بە باڵی زریانی بەحری

شاری وانا

هاتوومە دەرگای سڕی تۆ!

من ئاوازەی ئەو هەناسم

www.arsivakurdi.org

مایور(سەرلک) نووری ئەحمەد تەها، جێگری فەرماندەی لکی چواری هێزی بارزانیان



ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی 51، چوارشەمۆ 8ی جۆزەردانی 1325[ی هەتاوی] / 29ی مەی 1946

ئیعتای دەرەجە

لە نەتیجەی لەخۆڕابردوویی و خۆ فیداکردن بۆ حیفزی ئازادیی نیشتمان لە مەرحەلەی ئەوەڵ دا و لە پاشانیش لە سەر تەقازای ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی بەرامبەر بە ئەمری پێشەوای موعەزەم ئەو برا خۆشەویست و بەرزانەی بارزانی بەو دەرەجانەی خوارەوە:

ئاغای عێزەت عەبدولعەزیز، میرحاج ئەحمەد، مستەفا خۆشناو ، بەکر عەبدولکەریم بە دەرەجەی پۆدپۆلکۆڤنیک یەعنی( نایبب سەرهەنگ)، نووری ئەحمەد تەها، خەیروڵا عەبدولکەریم و جەلال ئەمین مەحموود بە دەرەجەی مایۆری یەعنی (سەرگورد)، عەبدولرەحمان تەیبب موفتی و محەمەد مەحموود بە دەرەجەی کاپیتانی یانی (سەروانی) لەلایەن وەزیری بەرزی هێزی کوردستان بە هۆی ئەحکامات موفتەخەر کران و پێیان ئیبلاغ کرا.

وێنەی ماوەیەکی کورت بەر لە ڕاگەیاندنی کۆمار لە کانگانی حیزبی دمۆکراتی کوردستان



ریزی پێشەوە : پێشەوا قازی محەمەد، نەفەری سێیەم دوکتور محەمەدی کەیوانپوور (موکری دواتر ) نێوبراو لە ساڵی 1323ی هەتاوی لە لایەن تارانەوە بە سەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگی مهاباد دیاری کرا ( کتێبی مێژووی مهاباد، سەیید محەمەدی سەمەدی بە زمانی فارسی ). ڕێزی دووەم لە ڕاستەوە: میرزا عەلی ریحانی، مامە غەنی خوسرەوی، نەفەری چوارەم حاجی مستەفای داودی، ڕیزی بن دیواری 1. میرزا مستەفای سوڵتانیان، 2. محەمەدساڵحی باباخانی. 3. محەمەدئەمینی موعینی. 7. مەنافی کەریمی. ڕاوستاوان: نەفەری یەکەم : عەلی خوسرەوی.

www.arsivakurdi.org



وێنەیەکی شەهید پێشەوا و بارزانی نەمر چەند ڕۆژێک دوای ڕاگەیاندنی کۆمار



کوردستان ژمارەی 30، دووشەمۆ 12ی خاکەلێوەی 1325ی هەتاوی/ 1ی ئاوریلی 1946

ئەم وێنەیەی ژەنەراڵ مایۆر مستەفا بارزانی فەرماندەی هێزی بارزانیان و سەرلک (مایۆر)جەعفەری کەریمی سەرۆکی تەواوی ستادی هێزی کوردستان لە بنگەی وەزارەتی هێزی دێمۆکراتی کوردستان لە مهاباد هەڵگیراوە.



ڕێورەسمی ڕێژەی پێشمەرگەی هێزی ناوەندی بە فەرماندەیی سەرپۆلی 2 ئیبراهیمی سەلاح لە بەرامبەر پێشەوا و قەدری بەگ

www.arsivakurdi.org

**قەدەمخێر**

دەیهەوێ بە درۆ و تەڵەکە و وادەی جۆراجۆر فریوی بدا. هەر بۆیە هەیئەتێکی پایەبەرزی بە دیاری بە نرخەوە دەنێری بۆ لای قەدەمخیر و بەڵێنی ئەوەی دەداتێ کە دەست لە کوشتاری خەڵک هەڵبگرێ و بۆ ئاوەدان کردنەوەی لورستان هەموو توانای خۆی وەگەڕ بخاو تەنانەت داوا دەکا کە قەدەمخیر شووی پێ بکا. قەدەم سەرەڕای ئەوە کە کۆمەڵێک لە فەرماندەکان فریوی ئەو فێڵەی ڕەزاشا دەخۆن و ڕازی دەبن کە چەکەکانیان دابنێن، بڕیاری درێژە پێدان بە خەباتی خۆی دەدا و زۆر بەتووڕەییەوە پێیان دەڵێ هەرچی دەکەڵ خۆتان هێناوتانە بیبەنەوە و دەقی وڵامەکەی منێش بۆ شایەکەتان بگێڕنەوە. من ئافرەتێک نیم وەدوای شوو کەوتبم و شوو کردن بەم شێوەیە هەر لە خۆی دەوەشێتەوە. هەر لەو پێوەندییەدا قەدەمخێر بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی شۆڕشەکەی نامەیەک بۆ شێخ مەحمودی نەمر دەنووسێ. لەم بارەوە مامۆستا **ئەحمەد خواجە** لە وتارێکی بڵاو نەکراوەیدا دەگێڕێتەوە کە قەدەمخیر لە دوایین ڕۆژەکانی شۆڕشەکەیدا نامەیەک بۆ شێخ مەحمودی نەمر دەنووسێ و لە نامەکەیدا ئەڵێ:

**« ئەم نامەیە لە ژنەوە وەرناگیرێت .. ئەم نامەیە لە ئافرەتێکی کوردەوە وەرئەگیرێت، چونکە کورد نابێت ژن و پیاوی ئازا و دلێری لەیەک جیا بکاتەوە. من زۆر بە ژنیەتی خۆم ئەنازم. ئەو ژنەش نیم کە بەدوای مێرددا و بۆ مێرد بگەڕێم. بە پێچەوانەی ژنایەتییەوە بۆ ئەو پیاوە ئەگەڕێم کە پیاوە و لەو پلەیەدایە کە من ئەبم بە ژنی. تەنیا ئەوەیش بۆ شەڕەفە، کە ئەو پیاوەیش ئەبێ تۆ بی. وا ئەزانم. ئیتر زۆر بە شەڕەفەوە چاوەڕێی وڵامم.»**

کاتێک ڕەزاشا وڵامەکەی قەدەمخیر دەبیستێ، لەشکرێکی پڕچەک و تەیار بەرەو لورستان وەڕێ دەخا. ئەو هێزە دەستی لە هیچ جینایەتێک نەپاراست، دەیان گوندیان کاول کرد، سەدان مرۆڤی بێدیفاعیان لە ژن و منداڵ و بەساڵدا چوو شەهید کرد. سەرەڕای ئەوەش دەگەڵ بەربەرەکانییەکی توندی شۆڕشگێڕانی لور >>>>

بەرەوڕوو بوونەوە و نەیانتوانی دەست بەسەر لانەی شۆڕەسواران لوردا بگرن و بە ئامانجەکانی خۆیان بگەن.

ڕەزاشا کە هیوای بە سەرکەوتن لەو شەڕەدا نامێنێ جارێکی دیکەش ڕوو دەکاتە فێڵ و پیلان گێڕی. ئەمجارەیان بە کەڵکی خراپ وەرگرت لە بیرو باوەڕی ئاینی خەڵک هەیئەتێکێ دیکە بە نامەیەک و دیارێکی زۆر و قورئانێک بە پەنجەمۆری خۆیەوە بۆ نیشاندانی نیازپاکی خۆی دەنێری بۆ لای قەدەمخیر و لە نامەیەکدا لێبوردنی گشتی بۆ هەموو کەس ڕادەگەیەنێ. خەڵکی ناوچەکە و تەنانەت بەشێکی زۆر لە شۆڕشگێڕەکانیش کە چاویان بە قورئانەکە و سۆندەکەی ڕەزاشا دەکەوێ باوەڕی پێدەکەن و خۆ بەدەستەوە دەدەن. قەدەمخیر و بەشێکی کەم لە شۆڕشگێڕەکانیش کە وەزعەکە وا دەبینن بە پێچەوانەی ویستی خۆیان خۆ بەدەستەوە دەدەن. بەڵام بەکرێگیراوانی ڕەزاشا بە پێچەوانەی هەموو داب و نەریتێکی مرۆڤایەتی و دیپلۆماسی هەر شەوی یەکەمی ڕیکەوتنەکە خەڵکێکی زور لە شۆڕش گێڕەکان شەهید دەکەن و قەدەمخێر و 17 کەس لە فەرماندەکانیان بە دەسبەسەری دەنێرن بۆ تاران و هەر ڕۆژێک دوای گەیشتنیان بۆ تاران بە شێوەیەکی دڕندانە هەر 17 کەسەکە شەهید دەکەن و پرچی قەدەمخێریش لە کلکی ئێسترێکی چەموش دەبەستن و بەسەر عەرزدا ڕایدەکێشن و هەموو لەشی لە خوێندا شەلاڵ دەکەن و پاشان تا دوایین ساتەکانی ژیانی زیندانیان کرد. بەمجۆرە ساڵی 1312 سەربەرزانە بە ئاواتی ڕزگاری و سەربەستی نەتەوە و نیشتمانەکەی لە چاڵە ڕەشەکانی بەندیخانەی بنەماڵەی پەهلەویدا دڵی لە لێدان کەوت.

لێرەوە بۆ ڕوحی پاکی ئەو سەردارە شۆڕشگێڕ و بوێرە کڕنۆش دەبەم دەڵێم:

پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین
نامرن ئەوان وا لە دڵی میللەتا ئەژین

سەرچاوەکان: 1ـ ماڵپەڕی پێشمەرگەکان 2ـ گۆڤاری مەهاباد ژمارە 59 ساڵی 2006 زایینی

www.arsivakurdi.org

# راپەڕینە مەزنەکەی شێرەژنی کورد « قەدەمخێر»

« ئەو شێرەژنەی کۆشکی پەهلەوی هەژاند »

مێژووی شکۆداری دێرین و نوێی پڕ لە شانازی گەلەکەمان، لاپەڕە زێڕینەکانی بە ناوی دەیان ئافرەتی هەڵکەوتووی نەتەوەکەمان لەهەموو بوارەکاندا ڕازاندۆتەوە، کە هەرکامیان لە بوارێکدا ڕۆڵی بەرز و گرنگی لە پێناو بەرگری کردن لە کورد و کوردستان بینیوە،




گەشتنامە و یاداشت و پەڕتوک و نووسینەکانی ئەو گەشتیار و گەڕیدە و کوردناس و بازرگانە بیانییانە کە هاتوونەتە کوردستان و بە چاوی خۆیان ڕۆڵ و هەڵسوکەوتی ئافرەتی کوردیان بینیوە و بە ویژدانەوە لە سەریان نووسیون، هەموویان نیشاندەری ئەو ڕاستییەن کە ژن لە کۆمەڵگای کوردەواریدا نموونەی ئافرەتی بوێری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. لە ئافرەتانی تورک و فارس و عەرەب ئازادتر و سەربەسترن، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا شان بەشانی پیاوان تێدەکۆشن و تەنانەت لە کاتی بەرگری و شەڕیشدا پشتیوانێکی بەهێزی پیاوەکانن و لەم بوارەوە لە جیهاندا کەم وێنەن.

یەکێک لەو ژنە ناودارانە، میرزادە« قەدەمخێر»ی نەمرە. قەدەمخێر کچە قارەمان و سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕ و نەبەردی کورد، شۆڕە سوارێکی بەجەرگ و دلێر و چاونەترس و کورد و کوردستان پەروەرێکی کەم وێنە بوو.

میرزادە » قەدەمخێر»کچی میر« قەندی قەلاوەندی »یە، کە یەکێک بووە لە میرەکانی میرنشینی لورستانی بچووک، لە هۆزی لوڕی فەیلییە، کە لەبواری قارەمانیەتی و جوامێری و خۆشەویستی و دڵسۆزی بۆ کورد و کوردستان بەناوبانگ بووە. و هەربۆیە لە ناو خەڵکی ئەو ناوچانە خۆشەویست و خاوەنی پێگەیەکی بەرز بووە.

قەدەمخێر ساڵی 1287 کۆچی هەتاوی لە گوندی گۆود لە دایک بووە و چاوی بە تیشکی خۆرەتاوی ناوچەی لوڕستان پشکوتووە. سەردەمێک کە قەدەمخێر تێیدا گەورە دەبێ دوایین ساڵەکانی دەسەڵاتداریەتی پڕ لە هێرش و پەلاماری بنەماڵەی قاجارەکان بۆ سەر کوردەکانی لوڕ دەبێ، >>>>

کە هەر ڕۆژێ بە لایەکدا پەلاماری لوڕستان دەدەن. قەدەمخیر منداڵێکی چوار ساڵانە دەبێ کە براگەورەکەی" بابا خان" لەو هێرشانەدا بە دەستی پیاو کوژەکانی بنەماڵەی قاجار شەهید دەکرێ و بۆخۆشی وێڕای بنەماڵەکەی ئاوارەی کەژ و کێوەکان دەبێ. کاتێک بڕێک تەمەنی دەچێتە سەر هۆکاری ئەو دەربەدەرییەی بۆ ڕوون دەبێتەوە بڕیار دەدا کە تۆڵەی خوێنی بەناحەق ڕژاوی براکەی لە دەگیرکەرانی نیشتمانەکەی بستێنێتەوە.

قەدەمخیر هەر لە تەمەنی لاویدا دەبێ کە ڕەزاخان ساڵی 1304 دوای ڕوخانی دەسەڵاتی قاجارەکان دەسەڵات بە دەستەوە دەگرێ و دوای سەقام گیر بوونی دەسەڵاتەکەی، بە مەبەستی تواندنەوەی نەتەوەکانی وڵات فەرمان دەدا کە دانیشتوانی سەرانسەری وڵات دەبێ یەک زمان و یەک شێوە جلوبەرگ بەکار بێنن. هەر لەو پێوەندییەدا بۆ لێک دابڕان و بەربەست کردنی پێوەندی نەتەوەکان، مافی گەرمێن و کوێستان کردن لە خێڵەکان دەستێنێتەوە و بۆ سەپاندنی ئەو بیرۆکەیەش بەسەر کوردا بە لەشکرێکی زۆرەوە پەلاماری هەموو ناوچەکانی کوردستان دەدا.

قەدەمخیر کە لەو سەردەمەدا کیژێکی 17 ساڵە دەبێ بڕیار دەدا بۆ پاراستنی وڵاتە داگیر کراوەکەی سەرۆکایەتی خێڵەکانی دیرکەوەند و قەلاوەند وەئەستۆ بگرێ و دژێ داگیرکەران خەبات بکا. لەو خەباتە پیرۆزەدا چەندین جار لەشکری داگیرکەر تێک دەشکێنێ و کوێستانەکانی لوڕستان و ئیلامیان لێ دەکاتە گۆڕستان. کاتێک ڕەزاشا تێدەگا کە ناتوانێ بەشەڕ قەدەمخیر بە چۆکدا بێنێ، پەنا دەبا بۆ پیلان و پیلانگێری و

بۆ لاپەڕەی 32

www.arsivakurdi.org

## پاشماوەی پەستانی خوێن

( پ ـ پیللەر ) دەبنە هۆی توشبوون بە نەخۆشی بەرزەپەستانی خوێن. بۆیە پێویستە لە پێش دا ئەم نەخۆشیانەش چارەسەر بکرێن. بە گشتی بەرزەپەستانی خوێن بە دەرمان چارەسەر دەکرێت و دەبێت لە ژێر جاوەدێری و سەرپەرشتی دۆکتۆری پسپۆڕ دا بێت.

**نەخۆش خۆی چی بکا؟**

وەکو نەخۆش پێویستە گوێڕایەلی ئامۆژگارییەکانی دۆکتۆری خۆت بی. پێویستە بە ڕێک و پێکی دەرمانەکانی بۆت نوسراوە بەکار بهێنی و ناوە ناوە بەگوێرەی پێویست و داوای دۆکتۆری خۆت سەردانی دۆکتۆرەکەت بکەی و کۆنترۆڵی پەستانی خوێن بکەیت.

**خۆ پاراستن لم نەخۆشییە:**

بۆ ئەوەی خۆمان لەم نەخۆشییە بپارێزین پێویستە شێوازی یان ستیلی ژیان وەکو خواردن و خواردنەوە و خەو و جووڵانەوەمان ڕێک بخەین.

لە بواری خواردن دا پێویستە بەپلەی یەکەم ڕێژەی بەکارهێنانی خوێ و شەکر و چەوری کەم بکەینەوە. لە بواری خواردنەوەش دا ئالکۆهۆل و ئارەق پەستانی خوێن بەرز دەکەنەوە و کاریگەری دەرمانەکانیش کەم دەکەنەوە. جگە لەوەش ئالکۆهۆل زیانی گشتی لە سەر ئەندامەکانی لەش هەیە بەتایبەتی جگەر و دڵی نەخۆشەکانی بەرزە پەستانی خوێن.

خەو زۆر گرنگە بۆ تەندروستی هەموو مرۆڤێک. پێویستە خەومان ڕێک و پێک و تێر و تەسەل بێت. ماوەی خەویش دەبێ لە نێوان 6 تا 8 سەعات بێت و لە کەشێکی لەبار و هێمن دا بێت. کەم خەوی و خەوی ناڕێک بە گشتی زیان بە تەندروستی مرۆڤ دەگەیەنێت و کاریگەری خراپێ لەسەر بەرزەپەستانی خوێنێش هەیە.

جووڵان و وەرزش بە شێوەی لەبار و ڕێک و پێک تەندروستی بە باشی ڕادەگرن و کاریگەری پۆزیتیڤی لە سەر بەرزەپەستانی خوێن هەیە. پێویستە ڕۆژانە بە لانی کەم 30 تا >>>>

60 دەقیقە پیاسە یان وەرزش بە شێوەی دیکە بکەین.

جگارە کێشان زیانی کاریگەری بەگشتی لە سەر تەندروستی و بە تایبەتی بەرزەپەستانی خوێن هەیە. جگارە و بەرزە پەستانی خوێن دەبنە هۆکاری زووتر تووشبوون بە جەڵتەی مێشک و دل.

قەڵەوێش زیان و کاریگەری خراپی لە سەر بەرزەپەستانی خوێن هەیە. ئەو نەخۆشانەی قەڵەون و ڕێژەی چەوری و کۆلیسترۆلیان بەرزە مەترسی تووشبوونیان بە ماکەکانی بەرزەپەستانی خوێنی وەکو جەڵتەی دڵ و مێشک چەند جار زۆرترە. جگە لەوەش ئەم نەخۆشانە مەترسی دڵوەستانیان زۆرتر لە سەر هەیە.

سترێس و پەستی و نارەحەتیش کاریگەری نێگەتیڤیان لە سەر تەندروستی و بەرزەپەستانی خوێن هەیە. بۆیە دوا ئامۆژگاریمان بۆ هەموان ئەوەیە تا بتوانن خۆتان لە هۆکاری سترێس و پەستی و نارەحەتی بپارێزن.

## ڕاگەیەندراوی هاوبەشی فیدراسیۆن، کتێبخانە و کمەڵەی نووسەرانی کورد

بەرانبەر بەو سیاسەتە داگیرکارانەیە دەردەبڕین. هەر لەو پێوەندییەدا داوا لە هەموو لایەن و کەسایەتییەکان دەکەین کە دەنگی خۆیان بگەیەننە یۆنیسکۆ و یەکێتی ئوروپا و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و داوا بکەن کە زەختی خۆیان لەسەر وڵاتانی تورکیە و سووریە و ئێران زێدەتر بکەن بۆ ئەوەی زمانی کوردی بکەنە زمانی فەرمی و پەروەردەیی.

پیرۆز بێ 21 گەلاوێژ ڕۆژی نێونەتەوەیی زمانی دایک.

فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید

کۆمەڵەی نووسەرانی کورد لە سوید

کتێبخانەی کورد لە ستۆکهۆڵم

www.arsivakurd.org

## بەرەو کۆنگرەی بیست و پێنجەمی فیدراسیونی کۆمەڵە کوردستانیەکان لە سوید

نووسین و ئامادە کردن: عەتا بانەیی



هاوکات لە گەڵ بەستنی کۆنگرەی بیست و پێنجەمی فیدراسیونی کۆمەڵە کوردستانیەکان لە سوید لە چەند مانگی داهاتودا ، تەمەنی خەباتی فیدراسیونی کۆمەڵە کوردستانیەکان سی و یەک مۆم دەکوژێنێتەوە.

ئەنجامدانی کۆنگرەی هەمو پارت و ڕێکخراوو کۆڕ و کۆمەڵەیەک، بەردەوامیە بەرەو ئاینده، بەواتایەکی تر نیشانەی زیندوبون و چالاکی و تەوژمی کارکردن ودانانی پلان و بەرنامەی کاری نوێ یە بۆ بەردەوام بون لەئایندەدا، هاوتەریب لەگەڵ کاتو جۆری پێداویستیەکانی ئەو باورو دۆخ و ئامانجانەی لە ئارادان، هاوشێوەیە

پرۆژەی بەردەوام و نەخشەدانان سەبارەت پێگەو شێوازی نوێی کارکردن، بە شێوەیەک لە گەڵ تایبەت مەندی سەردەمدا بگونجێت و ئامانجەکانی بهێنێتە دی.

ئەوەی تائێستالەماوەی ئەم سی ساڵەی ڕابردوەدا فیدراسیونی کۆمەڵە کورستانیەکان کاری بۆ کردووە و ئەنجامی داوەو لەسوید پێی ناسراوە، هاوتای باڵوێزخانەیەکی کوردستانی گەورەبووە.

فیدراسیونی کۆمەڵە کوردستانیەکان لە سوید لە ماوەی ئەم سی ساڵەی کارو خەباتیدا، چەترێک بووە بۆ کوردانی هەرچوار پارچەی کوردستان ، پرۆژەو بەرنامەو کاری شایستەی فەرهەنگی و کولتوری و کۆمەڵایەتی و زمانەوانی بۆ ڕەوەندی کوردی لە سوید پێشکەش کردوە، بەدەنگی ئەو پەناهەندانەوەچووە کە لە سەرەتای هاتنە ناو وڵاتی سویددا بوون و ڕێنمایی و زانیاری پێشکەش کردوون و هەمیشە پێشەنگ بووە لە بەڕێوەبردنی یادو بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانی و کولتوریەکاندا بە دەنگ هەمو ڕووداوە هەنووکەیەکان و کۆڕوکۆبونەوەکانەوە بووە و مێزگردو سیمیناری ئەنجام داوە.

لەم سی ساڵەی تەمەنی فیدراسیونی کۆمەڵەکوردستانیەکاندا لەسوید ، کۆمەڵێک خەڵکانی بەئەمەک و لەخۆبوردو کاریان لە ئۆرگانەکانیدا کردوەو بەوپەڕی دڵسۆزی و خۆ بەخشیەوە، سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی پلانە >>>

داڕێژراوەکانی کۆنگرەکانیان وەک بەرنامەی کار لە کۆمەڵەکان وهەرێمەکان و ناوەندی فیدراسیون کردووە و ئەنجام داوە.

تا بەستنی کۆنگرەی بیست و پێنجەمی فیدراسیون، واتە لە ماوەی ئەم چەند مانگەی داهاتودا و بەرەو کۆنگرە ئەم ئەرکانەی خوارەوە دەبێ کاری بۆ بکرێ و ئەنجام بدرێ:

** ئامادەکردنی ڕاپۆرتی تێروتەسەلی هەرێمەکان.

** پاڵاوتنی نوێنەرانی کۆنگرە

** هاندان و ڕێگە خۆش کردن بۆ ئەو کەسانەی شارەزان لە کاری بەڕێوەبردنی کۆمەڵە و ڕێکخستنەکاندا، بۆ کارکردن لە ئۆرگانەکان و بەڕێوەبردنی فیدراسیوندا، بەتایبەت توێژی لاوان

** هاندانی ژنانی شارەزا و بەتوانا بۆ وەرگرتنی بەرپرسایەتی لە ئاستی بەڕێوەبەری فیدراسیۆن و ئۆرگانەکانی ئەو ڕێکخراوەیەدا

** داڕشتنەوە و گەڵاڵەکردنی سەرنج و تێبینینی لەسەر پەیڕە و پرۆگرامی فیدراسیون بە جۆرێک کە وڵامدەرەوەی هەلومەرجی ئێستا بێ.

** گرنگی دان بە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

ئامادەکردنی پرۆژە بۆ سەردانی لاوانی ڕەوەندی کوردی نیشتەجێی سوید بۆ کوردستان و هەروەها بە پێچەوانەوە ، لە شێوەی کەمپینی هاوینەو گەشت وگوزارداو سەردانی زانستی بۆ قوتابیان و لاوان

** پێشنیارکردن و ئامادە کردنی چەند جۆرە پرۆژەیەک ، کە بەو هۆیەوە سوود لە لۆکاڵی سەرەکی فیدراسیون لە ستۆکهۆڵم وەربگیرێت و ببێتە هۆی سەردان و گردبونەوەی ڕەوەندی کوردی و دروست کردن و بەهێزکردنی پەیوەندیەکان

** ئامادەکردنی پرۆژەی بەردەوام و تایبەت بەزمان و فەرهەنگی کوردی بۆ منداڵان

بە هیوای سەرکەوتنی کۆنگرەی بیست و پێنجەمی فیدراسیونی کۆمەڵەکوردستانیەکان لە سوید.

2011/12/25

www.arsivakurdi.org

## پەیامی هاوبەشی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان و کتێبخانەی کورد و کۆمەڵەی نووسەرانی کورد لەسوید بە بۆنەی ڕۆژی زمانی دایک

ساڵی 1999 زایینی ڕیکخراوی یۆنیسکۆ ڕۆژی 21ی شوباتی بە ڕۆژی نێونەتەوەی زمانی دایک پەسند کرد و لە ساڵێ 2000 بەولاوە هەموو ساڵی لە ساڵوەگەڕی ئەو ڕۆژەدا، ئەو ڕۆژە پیرۆز دەکا.
ئامانجی ئەو کارە ئەوەیە کە سرنجی شارەزایانی بواری پەروەردە و سیاسەتوانەکان بۆ سەر گرینگی زمانی دایک ڕابکێشێ و کارێکی وەها بکا کە هەرکەس لە ئاستی خۆیەوە بۆ پاراستنی زمانی دایکی خۆی تێکۆشێ و ئەرکی خۆی بۆ پەرەپێدان و گەشە کردنی زمانی دایکی بەجێ بگەیەنێ.
زمانی دایکی لە پێکهێنانی کەسایەتی مرۆڤەکاندا ڕۆڵێکی مەزن دەگێڕێ. مروڤ لەسەر هەموو شتێک بە زمانی دایکی بیر دەکاتەوە و دەینرخێنێ. ڕەنگە مرۆڤ هێندێ زمانی دیکە بزانێ و لە پێوەندی ڕۆژانەی خۆیدا دەگەڵ خەڵک دەکاری بێنێ، بەڵام هێچ کامیان ناتوانی شوێنی زمانی دایکی بگرێتەوە. هەر بۆیەشە کە پاراستنی زمانی دایکی بۆ هەموو کەس مافێکی بنەڕەتییە. پێشێل کردنی ئەو مافە تاوانێکی گەلێک مەزن و نامرۆڤانەیە. ئاستەنگ کردن و بەرتەسک کردنەوەی ئەو مافە شوێنەوارێکی ڕوخێنەری لەسەر هەموو کۆمەڵگایەک دادەنێ و لە هەموان زۆرتر شوێنەواری نەرێنی لەسەر منداڵان دادەنێ.
بە گوێرەی زانیارییەکانی یۆنیسکۆ نزیک بە 2500 زمان لە جیهاندا مەترسی لەنێو چۆنیان لەسەرە، چونکە نە لەمەکتەب وەک زمانی پەروەردەیی دەکار دەبرێن و نە لە نێو کۆمەڵگا و بازاڕ و منداڵاندا قسەیان پێدەکرێ.
بۆ هەمووماں ڕوون و ئاشکرایە کە نەتەوەی کورد جیا لەوانەی کە لە باشووری کوردستان دەژین، لە هەموو مافێکی نەتەوەیی، دیمۆکراتی، کولتووری و خوێندن بە زمانی دایکی بێبەشە. لە سووریە نووسین و پەروەردە کردن بە زمانی کوردی قەدەغەیە و تەنیا زمانی عەرەبی زمانی فەرمییە. بەڵام گەنجەکان و ڕووناکبیران کەرەستەی خوێندن بە زمانی کوردی ئامادە دەکەن و بەدزی و دوور لە چاوی دەسەلاتداران لە ماڵان دەورەی خوێندن دادەنێن. لە وڵاتی ئێران ئاخاوتن بە زمانی >>>>

کوردی قەدەغە نییە ، بەڵام لە بواری پەروەردەدا زمانی کوردی کاری پێ ناکرێ و دەسەڵاتدارەکان هیچ یارمەتێک بۆ چارەسەری ئەو پرسە و خوێندن بەزمانی دایکی ناکەن.
لە تورکیە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ زمانی کوردی قەدەغە بوو و لەو بوارەدا کوردەکان تووشی گەلێک ئێش و ئازار بوون. لەو ساڵانەی دواییدا قەدەغە کردنی زمان تا ڕادەیەک سست کرا و حکومەت کاناڵێکی تلویزیۆنی کوردی دامەزراند و لە هێندێک شوێنی زانستی بەشی کوردی دامەزراند. بەڵام لە بواری فەرمی کردنی زمانی کوردی و وانە کوتنەوە بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکا، هیچ گۆڕانکاری و ڕیفۆرمێک نەکراوە و ئەو بەندەی یاسا کە پێش بەو پرسە دەگرن هەر لە جێگای خۆیان ماون. وا دێتە بەرچاو کە دەسەڵاتدارانی تورکییە نایانهەوێ دەستبەرداری سیاسەتی ڕەگەزپەرەستانە بن. ئەوان هەتا ئێستا هەنگاوی جیددییان لە بواری مافی زمان و کولتوری کورد و کەمە نەتەوەکانی دیکە بۆ پێکهێنانی مەرجی ئەندامەتی لە ئەکێتی ئوروپادا نەهاویشتوە و بەتەمان کە لە یاسای بنەڕەتی نوێی تورکیەدا کە باسی لەسەر بکرێ، ڕێگا نەدەن زمانی کوردی لە سیستمی پەروەردەییدا ببێتە زمانی فەرمی. جێگری سەرۆک وەزیرانی تورکیە بوولەنت ئارینچ بە گوێرەی تێگەیشتنی داگیرکەرانەی خۆی دەڵێ، کە زمانی کوردی ناتوانێ ببێ بە زمانی پەروەدەیی و بە وتەی ناوبراو زمانی کوردی زمانی شارستانییەت نێی.
لێرەدا بە بۆنەی ڕۆژی نێونەتەوەی زمانی دایک پیرۆزبایی خۆمان پێشکەش بە هەموو نەتەوەی کورد دەکەین. هەر بەم بۆنەوە هاواری خۆمان دەبەینە بە دایک و باوکان و داوایان لێ دەکەین لە ناو ماڵەکانی خۆشیان بێ منداڵەکانیان فێری خوێندن و نووسینی زمانی کوردی بکەن و نەهێڵن منداڵەکانیان لە کولتوور و زمانی کوردی دابڕێن.
هەروەها داوامان لە سیاسەتوان و ڕووناکبیران ئەوەیە کە بۆ فەرمی کردنی زمانی کوردی و دەکارهێنانی لە بواری پەروەردەییدا شێلگیرانەتر پێ داگرن و لە خەباتی خۆیاندا بەردەوام بن.
لە هەمان کاتیشدا دەنکی نارەزایەتی خۆمان بەدژی بێدەنگی ڕێکخراوی یۆنیسکۆ و یەکێتی ئوروپا و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ لاپەڕی 30

www.arsivakurd.org



## نەخۆشی بەرزە پەستانی خوێن

**دوکتۆر کەریم عاریف بەرزەنجی**

بۆ ئەوەی لە نەخۆشی بەرزە پەستانی خوێن تێبگەین، پێویستە بزانین پەستانی خوێن چییە و بۆچی پەستانی خوێن بەرز دەبێت؟ هۆکارەکانی بەرزبوونی پەستانی خوێن چین و چۆن چارەسەر دەکرێن؟ مەترسییەکانی بەرزەپەستانی خوێن چین و چۆن خۆمانی لێ بپارێزین؟

ئەم پرسیارانە و هەندێک پرسیاری دیکەش هەن کە پێویستە روون بکرێنەوە تا بتوانین بە شێوەیەکی زانستییانە نە خۆشی بەرزەپەستانی خوێن شی بکەینەوە و پێش بە نەخۆشییەکە بگرین.

**پەستانی خوێن چییە؟**

بۆ ئەوەی خوێن لە ناو لەش و بە ناو ئەندامەکانی لەش دا بسوورێت، پێویستە پەستانێکی(فشارێکی) تایبەت هەبێت تا ئەو خوێنە بە ئاسانی بگاتە هەموو ئەندامەکانی لەش. ئەو پەستانەش لە ئەنجامی کاری دڵ و ئەو بەرگرییەی بۆرییە کانی خوێن، کە خوێنیان بە ناو دا دەسوورێتەوە، دروست دەبێت.

پەستانی خوێنیش بە دەزگای تایبەتی دەپێورێت و ڕێژەی نۆرمال یان سروشتی ئەو پەستانەش دەبێ لە ژێر 90 /140 میلیمێتر هگ یان وەک لای خۆمان باوە 9 /14. ئەگەر هاتوو ڕێژەی ئەو پەستانەی خوێن لە کاتی حەسانەوە و چەند جارێک لە 140/90 بەرزتر بوو ئەوا بە نەخۆشی بەرزەپەستانی خوێن نیشان دەکرێت.

**هۆکارەکانی بەرزەپەستانی خوێن چین؟**

بە شێوەیەکی گشتی ڕێژەی 10% کۆمەڵ تووشی ئەم نەخۆسییە دەبن. ئەم ڕێژەیە لە ناو بەسالاچواندا بە تایبەتی لە تەمەنی سەرووی شەست ساڵی دا لە15% پش زیادترە. هۆکارەکانی تووشبوون بەم نەخۆشییە فرەلایەنییە( فرەفاکتۆریە). بۆماوە( میراتگری) هۆکارێکی گرنگ و سەرەکییە، هۆکارەکانی دیکە نیگەرانی و دڵتەنگی، سستی و کەمجووڵان، جگارە کێشان، زێدە بەکارهێنانی خوێ و چەوری و نەخۆشی >>>> شەکرە دەگرێتەوە.

**چۆن ئەم نەخۆشییە دەستنیشان دەکرێت؟**

زۆر جاران بە ڕێکەوت لای دۆکتۆر کاتی پێوانی پەستانی خوێن ئەو نەخۆسییە دەستنیشان دەکرێت. بەڵام نیشانەکانی وەکوو: ماندوویی ( هەست بە ماندێتی کردن)، سەر ئێشان، سەرەگێژی و سەر سووڕان، چاوگرانی و کزدیتن ، دلەکوتێ و هەندێک جاریش هەناسە تەنگی دەبنە هۆی سەردانی دۆکتۆر و دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکە.

**مەترسییەکانی ئەم نەخۆشییە چین؟**

دیواری بۆرییەکانی خوێن بە هۆی ئەم نەخۆشییەوە هوردە هوردە ئەستوور دەبن و نەخۆش زووتر تووشی باری رەقیتە بوونی بۆڕی خوێن( لوولە ڕەقی ـ ئاتێرۆسکلە رۆسی)، لە ئەنجامی ئەمەش خوێن سووڕان ( گەڕانی خوێن ) لە ناو بۆرییەکانی خوێن زەحمەت دەبێت و هەندێک جاریش تەنانەت دەبێتە هۆی خوێن مەیین و گیرانی بۆڕیلەکانی خوێن. ئەگەر بێتوو بۆڕیلەیەکی ناو مێشک تووش ببێت و بگیرێت ئەوا نەخۆشەکە تووشی جەڵتەیٚ مێشک دەبێت ( ئینفارکتی مێشک ). لە دڵیش بە هەمان شێوە ئەگەر هاتوو بۆرییەک یان بۆڕیلەیەک گیرا ئەوا دەبێتە هۆی جەڵتەی دڵ ( ئینفارکتی دڵ ). لە گورچیلەش دا هوردە هوردە زیانی دەبێت و کاری گورچیلەکان کز دەکات و لە وانەشە ببێتە هۆی گورچیلە شری( لە کار کەوتنی گورچیلە ). خۆ ئەگەر بێتوو بۆڕیلەیەکی ناو چاویش بهێتە گرتن ئەوا نەخۆشەکە بینایی کز دەبێت و لە وانەشە کۆرە بێت. بۆیە زۆر گرینگە ئەم نەخۆشیە بە هەند وەربگرین و ڕێنمایی و ئامۆژگارییکانی دۆکتۆر بە هوردی جێبەجێ بکەین.

**چارەسەری ئەم نەخۆشییە چۆنە؟**

هەندێک جار نرخۆشی وەکو هەو کردنی گورچیلە و هەندێک جۆری پەنمان( شێرپەنجەی خۆشک و دژوار)، نەخۆشی شەکرە و بەکارهێنانی دەرمان وەکو کۆرتیزۆن و دەنکەی بەرگیری بۆ لاپەری 30

www.arsivakurdi.org

## یادی کارەساتی کیمیابارانی هەلەبجە












ڕێکەوتی 16ی ئاداری ساڵی 2012 کاتژمێر 8ی ئێوارە کۆمەڵەی کورد لە شاری ئۆپسالا بە بۆنەی 24مین ساڵوەگەڕی کارەساتی کیمیا بارانی هەلەبجە ڕێورەسمێک بە بەشداری زۆرتر لە 200 کەس لە دانیشتوانی کوردی ئەو شارە پێک هێنا.

سەرەتا کاک شوان کەریم بە ناوی کۆمەڵەی کورد لە ئۆپسالا وێرای بەخێرهاتن کردنی ئامادەبوانی کۆڕەکە، وتارێکی پێشکەش کرد و لە وتارەدا ئاماژەی بە چۆنیەتی بەڕێوە بردن و خۆڵقاندنی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە و بێدەنگی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ئەو کات بەرانبەر بەو کارەساتە سامناکە کرد.

پاشان یەکێک لە بریندارەکانی کیمیابارانەکەی هەلەبجە، بەناوی ناسح ڕەشید کە بۆ چارەسەری برینەکانی هاتۆتە سوید، بیرەوەرییەکانی خۆی لەسەر ئەو کارەساتە پێشکەش کرد.

شایانی باسە کە نوێنەررانی حیزب و ڕێکخراوەکانی سۆسیال دێمۆکرات و پارتی گەل و حیزبی ژینگە بەشداری کۆڕەکە بوون و وتاریان پێشکەش کرد.

نوێنەری پارتی ژینگە ئێوا ئادلێر ڕەخنەیەکی توندی ئاراستەی سیاسەتوانانی کاربەدەست کرد و گوتی ئەوان هەر قسە دەکەن و بە کردەوە هیچ هەنگاوێک نانێن. ناو براو لە درێژەی وتارەکەیدا گوتی "بە باوەری من دەبێ نەتەوەی کورد مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆی هەبێ لە پێناو ئەو ئامانجە و دروست کردنی وڵاتی سەربەخۆ پلان دابڕێژێ و هەنگاو بنێ و ئەوە مافێکی ڕەوای خۆیانە و هیوادارم ڕۆژێک دابێ کە کوردستان سەربەخۆ ببینم."

لە کۆتایی ڕێورەسمەکەدا کورتە فیلمێک لەسەر هەلەبجە پێشکەش کرا و پاشان کۆڕی شانۆی کۆمەڵەی کوردی لە ئوپسالا شانۆیەکیان لە ژێر ناوی "گۆوەندی ژەهر" پێشکەش کرد. لەو پێوەندییەدا یەکێک لە بەشدارانی کۆڕەکە گوتی ئەمن زمانی کوردی نازانم بەڵام لە جووڵە و هەڵسوکەوتی شانۆگەرەکان تێگەیشتم کە باسی کارەساتێکی سامناک دەکەن.

کۆڕەکە کات ژمێر 9ی ئێوارە کۆتایی پێهات.

www.arsivakurd.org

## یادی هەڵەبجە

ڕێکەوتی ٢٠١٢/٣/١٦ فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید لە شاری ستۆکهۆڵم پێتەختی ئەو وڵاتە لە کەنیسەی ئادۆلف شیرکا بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە ڕێوڕەسمێکی ماتەمینیی پێک هێنا. لەو ڕیوڕەسمەدا کە سەدان کەس لە کوردەکانی دانیشتوی وڵاتی سوید بەشدار بوون نوێنەرانی حیزب و ڕێخراوەکانی کوردستانی سویدی وتاری خۆیان لە مەڕ مەحکوم کردنی ئەو تاوانە سامناکە پێشکەش کرد یادەکە دوای خوێندنەوەی ریزی پرۆگرامی ڕێوڕەسمیەکە لە لایەن کوردۆ باکسی و ئینگێلا کارلسۆن بە شێوەی خوارەوە بەڕێوە چوو.

پاش خولەکێک وەستان بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدان، شەرمن بۆزئەرسلان لەسەر ناوی فیدراسیۆن، هێرش خولە لەسەر ناوی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان، زاگرۆس خۆسرەوی لە لایەن کۆمیتەی هاوکاری هێزە سیاسیەکانی کورد و کوردستانی، سەرۆکی پێشووی پارتی چەپی سویدی لارش ئۆلی، سکرتێری پارتی سۆسیال دیموکرات کارین یەمتین، وتاریان خوێندەوە. پاشان نووسەر ئان کاترین ئێمانولسۆن بەشێک لە پەرتوکەکەی لەسەر هەڵەبجە خوێندەوە و دوابەدوای ئەو شانۆکار ئنگێلا کالسۆن گۆرانییەکی لەسەر ئاشتی بۆ شەهیدانی هەڵەبجە پێشکەش کرد.

سەرۆکی فیدراسیۆن شەرمن بۆزئەرسلان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ١٦ ی ئادار ببێت بە ڕۆژێکی نیو نەتەوەیی، و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژ بە نەتەوەی کورد و کارەساتی ئەنفال و کۆمەڵ کوژی وەکو جینۆساید بناسرێت.

لە دوایین بەشی ڕێوڕەسمەکەدا فیلمێک لەسەر هەڵەبجە نیشاندرا و پاشان هونەرمەندان فەریبۆز بە کلارنێت وریکەش ئاهەنگێکی ماتەمینی پێشکەش کرد و لە کۆتاییدا بەشدارانی یادەکە بۆ ڕێز گرتن لە شەهیدانی هەڵەبجە مۆمیان داگیرساند و بەو جۆرە کاتژمێری 7ی ئێوارە یادەکە کۆتایی پێهات.

شایانی باسە ڕۆژی ١٥ی ئاداریش لە پارلمانی





سوید یادی هەڵەبجە بەرز ڕاگیرا.

ئەو ڕێوڕەسمە کە لایەن تۆڕی کوردستان – سوید لە پارلمانی ئەو وڵاتەدا و بە هاوکاری فیدراسیۆن، پێک هاتبوو، بە ڕاگەیاندنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی هەڵەبجە و داگیرساندنی مۆم لە لایەن فرێدریک ماڵمەوە دەستی پێکرد. لە سەرەتادا شەرمن بۆز ئەرسلام لەسەر ناوی فیدراسیۆن و هێرش خوڵە لەسەر ناوی نوێنەرایەتی حکومەتی کوردستان و شەفیق کەیا لەسەر ناوی کۆمیتەی هاوکاری هێزە سیاسیەکانی کورد و کوردستانی وتاریان پێشکەش کرد.

لە کۆتاییدا ئانا لێنا سۆرێنسۆن پارلمانتاری سۆسیال دیموکرات، باسێکی لەسەر سەفەرێکی خۆی دەگەڵ ژمارەیەک پارلمانتار بۆ کوردستان و سەردانی هەڵەبجە، پێشکەش کرد.

شایانی باسە گرووپی پارلمان پەیمانیان دا کە هەموو ساڵێ یادی هەڵەبجە لە ناو پارلەمان بەرز ڕادەگیرێ و هەمووش ئامادە دەبن.

www.arsivakurd.org

## کۆنگرەی کریستیانستاد

ڕۆژی شەمە ڕێکەوتی 21-01-2012 کۆمەڵەی کوردی لە شاری کریستیانستاد کۆنگرەی ساڵانەی خۆی بە بەشداری زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵە پێکهێنا و کۆنگرەکە کاتژمێری 11:30 بە خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی بە کارەکانی خۆی کرد.

پێشەکی سەرۆکی کۆمەڵە کاک خەسرەو خەلیلی بەخێرهاتنی بەشدارانی کۆنگرە و کۆری نوێنەرایە فیدراسیۆنی کرد کە پێکهاتبوو لە کاک جوتیار شەریف، ئەندامی کۆمیتەی کارگێڕ و بەرپرسی پەیوەندییەکانی ناوخۆ و کاک عادل دهۆکی، بەرپرسی هەرێمی پێنجی فیدراسیۆن.

پاشان دوای پەسند کردنی ڕۆژەڤی کاری کۆنگرە و هەڵبژاردنی دیوان کۆنگرەکە بە شێوەی خوارەوە بەڕێوە چوو:

پێشەکی کاک جوتیار شەریف وێڕای بەخێرهاتنی ئەندامان و سوپاسی کۆمەڵەی کوردی بۆ کار و خەباتی ساڵی ڕابردووی، باسێکی تێروتەسەلی لەمەڕ ڕەوش و کار و چالاکییەکانی فیدراسیۆن پێشکەش کرد و وەڵامی پرسیارەکانی ئامدەبوانی لەسەر فیدراسیۆن داوە و پاشان کاک عادل دهۆکی دوای سوپاسی هەرێمی پێنج بۆ چالاکی و خەباتی کۆمەڵەکانی ئەم هەرێمە، چۆنیەتی کار و چالاکی کۆمەڵاکانی بۆ بەشداربووان بەس کرد

کاک خەسرەو خەلیلی ڕاپۆرتی کار و چالاکییەکانی کۆمەڵەی پێشکەش کرد، کە تێیدا ئاماژە کرابوو بە: چالاکی ژنانی کۆمەڵە لە وەرزی هاویندا و یادی 8ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان و دابین کردنی کورشی موسیقا بۆ لاوانی کۆمەڵە و پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوە بە بۆنەی بیرەوەریە نەتەوەییەکانی کورد وەک یادی هەڵەبجە و نەورۆز.

ڕاپۆرتی بەشی ماڵی دوای کۆمەڵێک ڕەخنە و پێشنیار و خوێندنەوەی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ڕڤیسۆر پەسند کرا.

دوایین بەشی کاری کۆنگرە کە تەرخان کرابوو بۆ هەڵبژاردنی کۆمیتەکانی کۆمەڵە بە شێوەی خوارەوە بەڕێوەچوو.

کۆمیتەی کارگێڕ: 1 ـ ئەحمەد بابان، سەرۆکی کۆمەڵە 2 ـ کەرڤان سربحی 3 ـ تارق مەحمود 4 ـ بەهزاد حاجی 5 ـ بالا ڕزگار 6 ـ عەلی ئیبراهیم 7 ـ بورهان میرخان

کۆمیتەی چاوەدێر

1 ـ خەسرو خەلیلی 2 ـ د.قیسمەت میرخان 3 ـ ڕزگار عەبدلمەجید









www.arsivakurdi.org

## کۆنگرەی فاڵشۆپینگ

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 2011-11-12 کۆمەڵەی فاڵشۆپینگ بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵە بیست و پێنجەمین کۆنگرەی خۆی پێکهێنا.
لە سەرەتادا بەرپرسی کۆمەڵە کاک فەیاح دسکی وێڕای بەخێر هێنانی ئامادەبوان، بە وتارێکی کورت کۆنگرەکەی کردەوە و بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان خولەکێک بێدەنگی ڕاگەیاند.
پاشان کاک کەمال عەلی، کاک دژوار ئامێدی و لاوین گولی بۆ دیوان هاتنە هەڵبژاردن و دوای خوێندنەوە و پەسند کردنی ڕۆژەڤی کار، کۆنگرە دەستی بە کارەکانی خۆی کرد.
لەم بەشەدا سەرتا کاک جوتیار سندی وتاری فیدراسیۆنی پێشکەش کرد بە وردی گرینگی ڕۆڵ و ڕەوشی فیدراسیۆنی هێنایە بەرباس و ئاماژەی بەوە کرد کە ئاستی کاریگەری ڕۆڵی فیدراسیۆن پێوەندی هەیە بە چالاکی کۆمەڵەکانەوە و هەربۆیە هیوای خواست کۆمەڵەکان لە داهاتوودا چالاکتر بن.
دوابەدوای ئەوە بەرپرسی کۆمەڵە، کاک فەتاح دسکی ڕاپۆرتی کار و چالاکیەکانی ساڵی 2011ی کۆمەڵەی خوێندەوە. پاشان کاک گۆهدار برواری، بەرپرسی دارایی ڕاپۆرتی بەشی ماڵی خوێندەوە و کۆمیتەی چاوەدێر ڕەزامەندی خۆی لەسەر ڕاپۆرتەکە دەربڕی و دوای باسێکی تێروتەسەل لەسەر ڕاپۆرتەکان، هەردوک ڕاپۆرت بە زۆرینەی دەنگ پەسند کران.
بۆ باشتر کردنی ڕەوشی کۆمەڵە، کۆمەڵێک پێشنیار ئاراستەی کۆمیتەی کارگێڕی داهاتوو کرا.
دوایین بەشی کاری کۆنگرە تەرخان کرا بۆ هەڵبژاردنی کۆمیتەکانی کۆمەڵە کە بەگوێرەی خوارەوە بەرێوە چوو.

ئا- **بۆ کۆمیتەی کارگێڕ**

1- کاک زنار ساڵح 2- کاک عادل دهۆکی 3- کاک فەریق ئۆرەماری 4- کاک دژوار ئامێدی 5- کاک بەیار کەمەکی وەک ئەندامی دایمی و کاک فەتاح دوسکی و کاک کاروان ئامێدی جێگر هەڵبژێردران.
ب- **بۆ کۆمیتەی چاودێر:** 1- کاک فرسەت دوسکی 2- شێص کەمال 3- کاک گۆهدار بەرواری هەتنە هەڵبژاردن.
بەم جۆرە دوای چەند کات ژمێر کاری بەردەوام کۆنگرەکۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

## ڕاپۆرتی کۆنگرەی ساڵانەی کۆمەڵەی بورلینگێ

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2011-12-05 کۆمەڵەی کوردی لە شاری بورلینگە بە ئامادە بوونی 33 ئەندام کۆنگرەی خۆی پێکهێنا.
کۆنگرە بە خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی شەهیدانی کوردستان دەستی پێ کرد.
سەرەتا سەرۆکی کۆمەڵە بەڕێز ئازاد یوسف ئەردەم وێڕای بەخێرهاتنی بەشدارانی کۆنگرە، بە وتارێکی کورت لەسەر ڕەوشی کۆمەڵە کۆنگرەکەی کردەوە.
دواتر ڕێزدار نیاز ئەحمەد بە کورتی کۆمەڵێک زانیاری لەسەر ڕووداوەکانی زاخۆ کە هاوکات بوو دەگەڵ ڕۆژی کۆنگرەکە پێشکەش کرد و کۆنگرە ئەو شێوە کردەوانەی کە دژی پێکەوە ژیانی مرۆڤانە و ئاشتیخوازانەیە، بە توندی مەحکوم کرد.
دوابەدوای ئەوە دیوان هەڵبژێردرا کە پێکهاتبوو لە: 1- نیاز ئەحمەد سەرۆکی دیوان 2- خاتو ڕەحیمە گوزەل 3- خاتو ژینا عەبدولمەجید. پاشان ڕۆژەڤی کاری کۆنگرە بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا و کۆنگرە دەستی کرد بە کارەکانی خۆی.
دوای دیاری کردنی دیوان و پەسند کردنی ڕۆژەڤی کاری کۆنگرە، کاک کاک ئازاد ئەردەم ڕاپرتی کار و خەبات سلانەی کۆمەڵەی خوێندەوە و هەر بەدوای ئەودا کاک حەسەن خەبات ئەمین ڕاپۆرتی بەشی دارایی پێشکەش کرد. کۆنگرە دوای باسێکی چڕوپڕ بە زۆرینەی دەنگ هەردووک ڕاپۆرتی پەسند کرد و کۆمەڵێک پێشنیاری بۆ کۆمیتەی کارگێڕی داهاتوو و فیدراسیۆن دەست نیشان کرد.
دوایین بەشی کاری کۆنگرە تەرخان کرا بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەکانی کۆمەڵە کە بەشێوەی خوارەوە بەرێوە چوو.
**ئەندامانی دایمی کۆمیتەی کارگێڕ** کە بریتین لە:1- ئازاد ئەردەم 2- فەتاح لاسۆ 3- خەبات ئەمین 4- گۆهدار یوسف 5- ژینێ عەبدولمەجید 6- سیروان عەبدوڵلا 7- ڕەحیمە گوزەل
**ئەندامانی جێگری کۆمیتەی کارگێڕ** کە بریتین لە:1- فەلەک عەبدولمەجید 2- شێرزاد محەمەد 3- سەعید دنانی 4- یۆنش ئیسماعیل.
**بۆ کۆمیتەی ڕۆڤیسۆر** بەڕێزان ئالیشان دەمیرتاش و والی ئاڵ هاتنە هەڵبژاردن
بۆ کۆمیتەی ڕاوێژ خاتو سۆزان ئەردەم و خاتو شلێر ئەمین هەڵبژێران.

www.arsivakurdi.org

## کۆنگرەی یۆتۆبۆری

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 2012/10/14 کاتژمێر 14:30 کۆمەڵەی کوردی شاری یۆتۆبۆری کۆنگرەی ساڵانەی خۆی بە بەشداری زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵە بەڕێوەبرد.

پێشەکی سەروکی کۆمەڵە کاك یاسین نامق وێڕای بەخێرهاتنی ئەندامان و مێوانانی کۆنگرە کە پێکهاتبون لە جوتیار شەریف ئەندامی کومیتەی کارگێڕی فیدراسیون و بەرپرسی پەیوەندییەکانی ناوخۆ و سەلام جزیری بەرپرسی ئابوری و لینا صالح بەرپرسی هەرێمی نۆی فیدراسیون، دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ یادی شەهیدانی کورد و کوردستان ڕاگەیاند و بەو جۆرە کۆنگرە کاری خۆی دەست پێکرد.

سەرەتا هەڵبژاردنی دیوانی کۆنگرە کە پێکهاتبوو لە 1 ـ جوتیار شریف 2 ـ شوان خواجە 3 ـ ئازاد دوسکی 4 ـ بەهادین حمەئەمین بەڕێوە چوو و پاشان ڕۆژەڤی کاری کۆنگرە پەسند کرا.

دوابەدوای پەسند کرانی ڕۆژەفی کاری کۆنگرە کاك جۆتیار شەریف وێڕای دەستخۆشی لە کومیتەی کارگێڕی کۆمەڵە و بەخێرهێنانی بەشداربووانی کۆنگرە پەیامی فیدراسیۆنی خوێندەوە. پاشان کاك سەلام جزیری دەربارەی ڕەوشی ئابوری فیدراسیون چەند ئاگاداری دایە بەشداربووان. دوای وتەکانی کاک سەلام، لینا صالح باسێکی لەسەر هەرێمی نۆی فیدراسیون و پەیوەندی نێوان کۆمەلەکانی ئەم هەرێمە پێشکەش کرد.

پاشان کاک یاسین نامق ڕاپۆرتی کار و خەباتی ساڵانەی پێشکەش کرد. بەدوای ئەوەدا د. ئارام بەکر ڕاپۆرتی بەشێ دارایی خوێندەوە و پاش کۆمەڵێک ڕەخنە و پێشنیار و خوێندنەوەی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ڕۆڤیسۆر لە لایەن هیوا ڕەشیدەوە، هەردوك ڕاپۆرت بە زۆرینەی دەنگ پەسند کران.

لە دوایین بەشی کاری کۆنگرەدا کە تەرخان کرا بۆ هەڵبژاردنی کۆمیتەکانی کۆمەڵە بەم بەشێوەیە بەڕێوە چوو: >>>

**بۆ کۆمیتەی کارگێر** بەڕێزان 1 ـ حاجی فایق 2 ـ ئازاد دوسکی 3 ـ یاسین نامق 4 ـ شەم فەتاح جاف 5 ـ دیار ئامێدی 6 ـ لاوێن بهادین 7 ـ زریان خواجە هەڵبژێران.

بەم جۆرە پاش چەند کاتژمێر کاری بەردەوام کۆنگرە کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

*******************

## ڕاپۆرتی کار و چالاکی کۆمەڵەی ئیسکلیستونا

ڕۆژی ڕیکەوتی 2011-11-13 کۆمەڵەی کوردی لە شاری ئیسکلیستونا بە مەبەستی تاووتوێ کردنی کار و خەباتی خۆی و شێوازی نوێی پەروەرە لە وڵاتی سوید، کۆبوونەوەیەکی لە لوکاڵی کۆمەڵە پێک هێنا.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا سەرۆکی کۆمەڵە کاک فیرات نەمرود دوای بەخێرهاتنی ئامادەبوان ڕاپۆرتێکی لەسەر چالاکییەکان و گیروگرفتەکانی سەر ڕێگای ئەو کۆمەڵەیەی پێشکەش کرد و لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەدا داوای لە ئامادەبوان کرد کە لە پێناو گەشەپێدانی بواری ڕێکخستنی کۆمەڵەکە و کۆ کردنەوەی هەرچی زیادتری کوردستانییەکان لە دەوری ڕێکخراوەکەیان یارمەتی کۆمەلە بدەن.

پاشنامۆستا ڕەشید ئازاروو باسێکی تێرو تەسەلی لەسەر شێوازی نوێی خوێندن و پەروەردەی لە وڵاتی سوئێد پێشکەش کرد و لە میانەی باسەکانیدا بە کەڵک وەرگرتن لە سڵاید ناوەڕۆکی وتارەکەی بۆ ئامادەبوان شی کردەوە و بەڵێنی دا لەو بارەوە کۆڕ و کۆبوونەوەی دیکە سەبارەت بەو پرسە ڕێک بخا زانیاری زیادتر بدا کوردانی دانیشتوی شارەکە.

دوایین بەشی کۆبوونەوەکە تەرخان کرا بۆ پرسیار و پێشنیار بەشدارانی کۆبوونەوەکە و ئامادە بوان زۆر چالاکانە بە پێشکەش کردنی بیر و بۆچونی خۆیان باسەکانیان دەوڵەمەندتر کرد.

www.arsivakurdi.org

## کۆنگرەی کۆمەڵەی کوردی لە ئۆرێبرو

رۆژی شەممە ڕێکەوتی 2012-01-14 کۆمەڵەی کوردی لە شاری ئۆرێبرو کۆنگرەی ساڵانەی خۆی بە بەشداری زۆرینەی ئەندامان پێک هێنا. سەرەتا کاک سەردار دزەیی وێڕای بەخێرهێنانی ئەندامانی کۆنگرە و نوێنەری فیدراسیۆن، ڕاپۆرتی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی پێشکەش کرد.

دوای هەڵبژاردنی لیژنەی دیوان کە پێک هاتبوو لە 1ـ سەردار دزەیی 2ـ ئیدریس بەرواری 3ـ گێلاس عەبدولقادر، رۆژەڤی کاری کۆنگرە خوێندرایەوە و بە تێکڕایی دەنگ پەسند کرا.

پاشان ڕێزدار زوهێر برواری ڕاپۆرتی دارایی و کار و چالاکیەکانی کۆمەڵەی پێشکەش کرد و دوای باس و کۆمەڵێک تێبینی و پێشنیار ڕاپۆرتەکان بە تێکڕای دەنگ پەسند کران.

دوابەدوای پەسند کردنی ڕاپۆرتەکان ڕێزدار مەولود عەبدیلزادە ئەندامی کۆمیتەی گشتی فیدراسیۆن و بەرپرسی هەرێمی سێ وێڕای ئەوە کە لە وتارێکدا تیشکی خستە سەر ڕۆڵ و پێگەی فیدراسیۆن لە وڵاتی سوید، بە تێر و تەسەلی ئاماژەی بە کار و چالاکییەکانی ساڵی ڕابردوی فیدراسیۆنی کرد و لە کۆتایی باسەکەیدا داوای هاوکاری هەماهەنگی زۆرتری لە نێوان فیدراسیۆن و کۆمەڵەکان کرد.

دوایین بەشی کاری کۆنگرە تەرخان کرا بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەکانی کۆمەڵە و بە شێوەی خوارەوە بەڕێوە چوو:

**کۆمیتەی کارگێڕ:** بۆ کۆمیتەی کار ئەو هاوڕێیانە هەڵبژێردران:

1 ـ فەهمی بارانسۆ 2 ـ گێلاس عەدولقادر 3 ـ محەممەد وەیسی 4ـ کاک جەماڵ 5ـ لێڤا

**ڕڤیسۆرەکان:** بۆ کۆمیتەی چاودێر ئە هاوڕێیانە هەڵبژێردران:

1 ـ زوهێر بەرواری 2 ـ مەولود عەبدلزادە 3 ـ چالاک محەممەد وەیسی

**نوێنەر بۆ کۆنگرەی فیدراسیۆن:**

کۆنگرە بڕیاری دا کۆمیتەی کارگێڕی هەڵبژێراو وەک نوێنەری کۆمەڵە بێن بۆ کۆنگرەی فیدراسیۆن و جیا لەوانیش سێ کەس وەک ئیحتیات دیاری کرا کە بریتین لە:

1ـ سەردار دزەیی 2ـ چالاک محەممەد وەیسی 3ـ کوردۆ شێخ محەممەد هەرسین

بەم جۆرە دوای چەند کاتژمێر کاری بەردەوام بە خوێندنەوەی سرودی ئەی ڕەقیب کۆنگرە کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.









## کۆنگرەی کۆمەڵەی کوردستانی ئۆپسالا

رۆژی یەکشەمە ڕێکەوتی 2011-12-11 کاتژمێر 13.30 کۆمەڵەی کوردستانی لە شاری ئۆپسالا کۆنگرەی ساڵانەی خۆی بە بەشداری زۆرینەی ئەندامان پێکهێنا.

پێشەکی بەرپرسی کۆمەڵە کاک شوان کەریم بە نوێنەرایەتی کۆمیتەی کارگێڕ بەخێرهاتنی بەشداربوانی کۆنگرە و میوانەکانی کرد کە پێکهاتبوون لە کاک جوتیار شەریف ئەندامی کۆمیتەی کارگێڕی فیدراسیۆن و بەرپرسی پێوەندییەکانی ناوەخۆ و ئامانج حەسەن ئەندامی کۆمیتەی گشتی و بەرپرسی هەرێمی دوو و فەلامەز ئاکاد ئەندامی کمیتەی گشتی فیدراسیۆن و مەحمود کاپلان بەرپرسی کۆمەڵەی کوردی ـ سویدی

پاشان کۆنگرە بە شێوەی خوارەوە درێژەی بە کارەکانی خۆی دا.

دوای هەڵبژاردنی دیوان و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان، ڕۆژەڤی کۆنگرە لە لایەن دیوانەوە خوێندرایەوە و پەسند کرا.

دوابەدوای ئەوە کاک جوتیار شەریف وێڕای بەخێرهاتنی بەشداربوانی کۆنگرە و سوپاس و دەستخۆشی کردن بۆ چالاکی و خەباتی یەک ساڵی ڕابردووی کۆمیتەی کارگێڕ، وتارێکی لەسەر ڕەوش و خەبات و چالاکییەکانی فیدراسیۆن پێشکەش کرد.

پاشان کاک مەحمود کاپلان، پەیامی کۆمەڵەی کوردی ـ سویدی خوێندەوە و داوای سەرکەوتنی بۆ کۆنگرەکە کرد.

دوای خوێندنەوەی پەیامەکان، بەرپرسی کۆمەڵە ڕاپۆرتی کار و خەباتی کۆمەڵە و بەرپرسی دارایی ڕاپۆرتی بەشێ ماڵی کۆمەڵەیان خوێندەوە و پاشان کۆمیتەی ڕۆڤیسیۆر لە ڕاپۆرتی خۆیاندا ڕاپۆرتی بەشی داراییان پەسند و دەستخۆشیان لە بەشی ماڵی کرد.

پاشان دوای باسێکی تێروتەسەڵ لەسەر ڕاپرتەکان و کۆمەڵێک پێشنیار بۆ کۆمیتەی کارگێڕی داهاتوو، هەردوک ڕاپۆرت بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا

لە وایین بەشی کاری کۆنگرەدا کۆمیتەکانی کۆمەڵە بە گوێرەی خوارەوە هەڵبژێردران:

1 ـ شوان کەریم 2 ـ ئەدیبە سەعید 3 ـ سەروەر محەمەد سەدیق 4 ـ هێمن محەمەد 5 ـ فەرهاد ساڵح

## کۆنگرەی کۆمەڵەی سویدی ـ کوردی ئۆپسالا

رۆژی یەکشەمە ڕێکەوتی 2011-12-11 کاتژمێر 13.30 کۆمەڵەی سویدی ـ کوردی لە شاری ئۆپسالا کۆنگرەی ساڵانەی خۆی بە بەشداری زۆرینەی ئەندامان پێکهێنا.

لە سەرەتادا بەرپرسی کۆمەڵە بە نوێنەرایەتی کۆمیتەی کارگێڕ بەخێرهاتنی بەشداربوانی کۆنگرە و میوانەکانی کرد کە پێک هاتبوون لە کاک جوتیار شەریف ئەندامی کۆمیتەی کارگێڕی فیدراسیۆن و بەرپرسی پێوەندییەکانی ناوەخۆ و شوان کەریم بەرپرسی کۆمەڵەی کوردستان.

پاشان کۆنگرە بە شێوەی خوارەوە بەڕێوەچوو.

دوای هەڵبژاردنی دیوان و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی شەهیدانی کورد و کوردستان، ڕۆژەڤی کۆنگرە لە لایەن دیوانەوە خوێندرایەوە و پەسند کرا.

دوابەدوای ئەوە کاک جوتیار شەریف وێڕای سوپاس و دەستخۆشی کردن بۆ چالاکی و خەباتی یەک ساڵی ڕابردووی کۆمیتەی کارگێڕ، وتارێکی لەسەر ڕەوش و خەباتی فیدراسیۆن پێشکەش کرد.

پاشان کاک شوان کەریم، پەیامی کۆمەڵەی کوردستانی پێشکەش کرد.

دوای خوێندنەوەی پەیامەکان، بەرپرسی کۆمەڵە ڕاپۆرتی کار و خەباتی کۆمەڵە و بەرپرسی دارایی ڕاپۆرتی بەشێ ماڵی کۆمەڵەیان خوێندەوە و پاشان کۆمیتەی ڕۆڤیسیۆر لە ڕاپۆرتی خۆیاندا ڕاپۆرتی بەشی داراییان پەسند و دەستخۆشیان لە بەشی ماڵی کرد. پاشان دوای باسێکی تێروتەسەڵ لەسەر ڕاپرتەکان و کۆمەڵێک پێشنیار بۆ کۆمیتەی کارگێڕی داهاتوو، هەردوک ڕاپۆرت بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا

لە وایین بەشی کاری کۆنگرەدا کۆمیتەکانی کۆمەڵە بە گوێرەی خوارەوە هەڵبژێردران

کۆمیتەی کارگێڕ: 1 ـ ئەردەڵان ساڵح 2 ـ شیار عیسا 3 ـ ڕەڤەوند شێجۆ و سەرۆکی کۆمیتەکانی ژنان و لاوان. سیدخان عیمراک و عومەرورتێش وەک جێگر لە کۆمیتەی کارگێڕدا هاتنە هەڵبژاردن.

بۆ کۆمیتەی ڕۆڤیسۆر، ڕەشید بەتێ، ڕەشید سمۆ، سەعید کەرۆ وەک ئەندامی دایمی و هادی کەرکوکی و سەعید ئەردەم وەک ئەندامی جێگر هەڵبژێردران.

بۆکومیتەی ڕاوێژ، لەزگین حوسێن، عەوڵا مەلا عەلی و مەحمود کاپلان هاتنە هەڵبژاردن

www.arsivakurdi.org

## ڕاپۆرتی چالاکی کۆمەڵەی لینشۆپینگ

ڕۆژی ڕێکەوتی 2012-01-14 کۆمەلەی کولتوری کورد بە ئامادەبوونی کۆڕی نوێنەرایەتی فیدراسیۆن کە پێک هاتبوو لە خاتو شەرمین بۆزئەرسلان سەرۆکی فیدراسیۆن، پرشەنگ توانا سکرتێری فیدراسیۆن، کاک حەسەن بێسەری بەرپرسی هەرێمی حەوت و کاک قاسم قارەمانی بەرپرسی ڕاگەیاندنی فیدراسیۆن، 26مین کۆنگرەوی خۆی پێک هێناو کۆنگرەکە کاتژمێری 2ی پاش نیوەڕۆ دەستی بە کار کرد و بە شێوەی خوارەوە بەڕێوە چوو:





1 ـ لە سەرەتادا کاک وشیار توفی بەرپرسی کۆمەلەی شاری لینشۆپینگ وێڕای سوپاسی ئامادەبوان بۆ بەشدارییان لە کۆنفرانسەکەدا، بە نوێنەرایەتی دەستەی کارگێڕی کۆمەڵە و هەموو بەشدارانی کۆنفرانسەکە بەخێرهاتنی دەستەی نوێنەرایەتی فیدراسیۆنی کرد.

2 ـ دوابەدوای ئەوە دیوانی کۆنفرانس هەڵبژێردرا و پاشان بۆ ڕێز گرتن لە گیانی شەهیدانی کورد و کوردستان خولەکێک بێدەنگی ڕاگەیەندرا.

3 ـ ڕاپۆرتی کار و چالاکییەکانی کۆمەڵە لە لایەن کاک وشیارەوە پێشکەش کرا و پاشان کاک حەسەن حوسێنی ڕاپۆرتی بەشی ماڵی خوێندەوە



4 ـ ئەم بەشەی کاری کۆنگرە تەرخان کرا بۆ باس لەسەر ڕاپۆرتی چالاکی و بەشی ماڵی و بەشدارانی کۆنگرەکە چالاکانە بەشداریان تێدا کرد و دوای باسێکی تێر و تەسەل، هەردوک ڕاپۆرت پەسند کرا.

5 ـ لەو بەشەی کاری کۆنگرەدا سەرۆکی فیدراسیۆن خاتوو شەرمین بۆزئەرسلان لە وتارێک دا کە پێشکەش بە کۆنگرەکەی کرد وێڕای دەستخۆشی و ماندونەبوونی کردن لە کۆمیتەی کارگێڕی پێشوو بۆ چالاکی خەباتی یەک ساڵی ڕابردوویان، ئاماژەی بە ڕەوشی فیدراسیۆن لە سوێد و پێوەندییەکانی دەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵەکانی بیانی و سویدی کرد.



6 ـ دوایین بەشی کاری کۆنگرە تەرخان کرا بۆ هەڵبژاردنی ئەدامانی کۆمیتەکانی کۆمەڵە کە ئەو بەڕێزانە هەڵبژێردران:

1ـ هوشیارتۆفی 2ـ نەجات جیهاد 3 ـ دڵشاد پرونی 4 ـ عومەر ستار 5 ـ حەسەن توفی 6 ـ حەمە کوردی 7 ـ عیماد موحەمەد 8 ـ ئاسۆ ئەمین 9 ـ دڵشاد ئەلیاسی 10 ـ یاسین ئەڵیاسی.

www.arsivakurdi.org

## کۆنگرەی ساڵانەی کۆمەڵەی شاری ڤێستروس

ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی 05-02-2012 کۆمەڵەی کوردی لە شاری ڤێستروس بیست و پێنجەمین کۆنگرەی خۆی بە بەشداری زۆرینەی ئەندامان پێک هێنا.

سەرەتا کاک کەریم عومەر بەرپرسی کۆمەڵە، وێڕای بەخێرهاتنی ئەندامانی کۆنگرە و نوێنەرانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان، کە بریتی بوون لە بەڕێزان جوتیار شەریف و مەولود عەبدیل زادە، بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان خولەکێک بێدەنگی ڕاگەیاند.

پاشان دیوان بۆ بەڕیوەبردنی کۆنگرە کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان شاڵاو ڕەشید، جوتیار شەریف و حەمەدەمین کەریمیان هەڵبژێردرا و دوای خوێندنەوە و پەسند کردنی ڕۆژەڤی کاری کۆنگرە بە زۆرینەی دەنگ، بە وتەیەک لە لایەن کاک کەریم حەدادەوە کۆنگرە کارەکانی خۆی بە شێوەی خوارەوە دەست پێکرد.

سەرەتا کاک جوتیار شەریف لە وتەیەکدا وێڕای باس لەسەر ڕەوش و پێگەی فیدراسیۆن لە وڵاتی سوید ڕاپۆرتێکی لەسەر کار و خەباتی فیدراسیۆن پێشکەش کرد.

دوابەدوای ئەوە ڕاپۆرتی کار و خەباتی کۆمەڵە لە لایەن کاک کەریم عومەر ەوە و ڕاپۆرتی داراییش لە لایەن کاک هێرش لەتیفەوە پێشکەش کرا کە دوای ڕاپۆرتی کۆمیتەی ڕۆڤیسۆر و باسێکی تێروتەسەل لەسەر ڕاپۆرتەکان و کومەڵێک تێبینی و پێشنیار هەر دوک ڕاپۆرت بە زۆرینەی دەنگ پەسند کران.

پاشان کاک مەولوود عبدیل زادە ئەندامی کۆمیتەی گشتی و بەرپرسی هەرێمی سێ وێڕای پیرۆزبایی بە بۆنەی بیست و پێنجەمینساڵی دامەزرانی کۆمەڵە وتارێکی لەمەڕ زەروورەتی هاوکاری هاوئاهەنگی کۆمەڵەکان دەگەڵ فیدراسیۆن پێشکەش کرد.

دوایین بەشی کاری کۆنگرە کە تەرخان کرابوو بۆ هەڵبژاردنی بە شێوەی خوارەوە بەڕێوە چوو:

**بۆ کۆمیتەی کارگێڕ** ئەو بەڕێزانە هەڵبژێران:
1 ـ هێرش لەتیف 2 ـ ڕۆشنا مەگرون 3 ـ هاوشنگ محەمەد 4 ـ شەوبۆ کەریم 5 ـ محەمەد ئەحمەد 6 ـ نەسرین حەسەن 7 ـ ئەوین مێستۆ. هەروەها ئەو بەڕێزانەش بۆ جێگری کۆمیتەی کارگێڕ هەڵبژێران:
1 ـ پەروین سولێمان 2 ـ عەدنان حەسەن.

**بۆ کۆمیتەی** چاودێر ڕێزداران: 1 ـ خالید سابیر 2 ـ شاڵاو ڕەشید 3 ـ نەعیمە وسوو هەڵبژێران.
بەم جۆرە دوای چەند کاتژمێر کاری بەردەوام کۆنگرە کاتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.









www.arsivakurdi.org

## پاشماوەی ناسیۆنالیم

مرۆڤ بێت، بەڵکو پێیان وا بوو کە مرۆڤ بەشێکە لە سروست و ئەگەر مرۆڤ زانیاری تەواوی لە سەر سروشت هەبێ و بتوانێت خۆی لە بیر و حوکمی پێشوەخت دەرباز بکا و عەقڵی خۆی بەکار بێنێ ئەوا دەتوانێ لە سروشت تێ بگات. لە پێوەندی دەگەڵ ئەو بیر و بۆچوونەدا، ئەوان پێیان وابوو ئایین و فۆڕمی دیکەی بیرو باوەڕی مێتافیزیکی ڕێگرن لە بەردەم مرۆڤ دا تا لە ڕێگای عەقڵ و زانیاری و تاقیکارییەوە لە سروشت و کۆمەڵ بگات.
ئەو فەلسەفەیە زەمینەی بۆ شۆڕشی ساڵی 1789 لە فڕانسە پێک هێنا. لە کۆتایی دا ئەو بیر و بۆچوونانەی سەبارەت بە مافی سیاسی خەڵک و سەروەری گەل سەریان هەڵدا، مانا و ناوەرۆکی نەتەوەیان دا بەگەل. بەم شێوەیە بیر و بۆچوونی ڕۆشنگەری بوو بە چەمکی شۆڕشگێڕانەی خەباتگێڕانی فڕانسە و لە بەرانبەر جیاوازییەکانی ئاریستۆکراتەکان بەرز کرایەوە.
بەم جۆرە شۆڕشی فڕانسە ناسیۆنالیزم و بیری ڕۆشنگەری بە خێرایی لە ئورەپادا بڵاو کردەوە و زەمینەی بۆ بزاڤی نوێی فیکری و ناسیۆنالیستی خۆش کرد. لە لایەکی دیکەشەوە کۆماری نوێی فڕانسە و هێرشەکانی ناپلئۆن بۆ سەر وڵاتانی ئوروپایی، پێش ئەوەی لە بەشێک لەو وڵاتانە پڕۆسەی سەنعەت و پێشەسازی و مۆدێڕنیزم بە تەواوی دەست پێ بکا یان لانی کەم ئەو پڕۆسانە لەوە لاوازتر بوون کە بتوانن ئەنجامێکی گەورەی کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی پێک بێنن هێندێک دیاردەی نوێی دروست کرد، کە سەرهەلدانی ناسیۆناسیزمی ئاڵمانی ئاکامی ڕاستەوجۆی ئەو دیاردانە بوون.
ناسیۆنالیزمی ئاڵمانیش بە نۆرەی خۆی تەئسیری لە سەر وڵاتانی ناوەڕاستی ئوروپا بە تایبەتی وڵاتانی سەر بە ڕەگەزی سلاڤی دانا. چونکە بە پێی تێزی فێختە و ناسیۆنالیستەکانی ئاڵمان سنووری دەوڵەتی دەبوو هەموو ئەو شوێنانە بگرێتەوە کە ئاڵمانی زمانی تێدا دەژیان. ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە بەشێک لە ئاڵمانی زمانەکان لەو ناوچانەدا دەژیان کە لە ڕووی مێژووییەوە بە خاکی سلاڤییەکان دادەندران. بە تایبەت کاتێک زمانی ئاڵمانی لە جێگای زمانی لاتین >>>>
کرایە زمانی فەرمی دەوڵەتی پڕۆسی، مەترسی زاڵ بوونی زمان و کولتووری ئاڵمان هەڕەشەیەک بوو لە سەر زمان و کولتوری مەجارستان و وڵاتانی دیکە. وێ دەچێ سۆڕشی ناسیۆنالێستیی ساڵی 1848ی مەجارستان کاردانەوەی ئەو هەڕەشەیە بووبێ.

## لەسەر بیر کردنەوە

نکۆڵی لە ماهییەتی تایبەتی خۆی دەکات و توڕی دەدات- واتە نکۆڵی لەوە دەکات کە مرۆڤ بوویەکی تێڕامێنە. هەربۆیەش مەسەلەکە رزگارکردنی ماهییەتی بنەڕەتی مرۆڤە. هەر بۆیەش مەسەلەکە زیندوو راگرتنی بیرکردنەوەی تێڕامێنە.
بەڵام هەرگیز "سەربەست بوون لە هەمبەر شتەکان" و "کراوەبوون بەڕووی رازدا" لە خۆیانەوە روونادەن. ئەوان هەر بە ڕێککەوت تووشمان نابن. بەڵکو هەردووکیان تەنها لە ڕێگەی بیر کردنەوەیەکی بەردەوام و بوێرانەوە گەشە دەکەن.
لەوانەیە ئەم مەراسیمی یادکردنەوەیەی ئەمڕۆ بەرەو ئەوە (واتە بەرەو بیرکردنەوەی بەردەوام و بوێرانە) هانمان بدات. گەربێتو ئێمە وەڵامی ئەم هاندانە بدەینەوە، ئەوە بە بیرکردنەوە لە بنچینەی کارەکانی کۆنرادین کروتزەر، واتە هێزە ژیانبەخشەکانی نیشتمانی هیوبەرگ، بیرمان لە کۆنرادین کروتزەریش کردووەتەوە. هەروەها ئەوە ئێمەین کە بیردەکەینەوە، گەر بێتو لێرە و هەنووکە خۆمان وەکوو ئەو مرۆڤانە بناسین کە دەبێ ئەو ڕێگەیە بدۆزینەوە و ئامادەی بکەین کە دەچێتە ناو سەردەمی ئەتۆمی و بە ناویدا دەڕوات و لێی دەردەچێت.
گەر "سەربەست بوون لەهەمبەر شتەکان" و "کراوەبوون بەڕووی رازدا" لە ناوەوەماندا بێدار ببێتەوە، ئەوە دەبێ بگەینە سەر ڕێگەیەك کە دەچێتە سەر بنەما و بناغەیەکی نوێ. لە ناو ئەم بنەمایەدا ئافراندن کە کارە نەمرەکانی لێدەکەوێتەوە رەگی نوێ دادەکوتێت.
کەوایە دەبێ حەقیقەتی ئەوەی یوهان پیتەر هێبێڵ دەیڵێت بە شێوازێکی جیاواز و لە سەردەمێکی گۆڕاودا تازە بکرێتەوە :
رووەکگەلێکین ئێمە، کەحەز بکەین دانی پێدا بنێین یان نا- ، دەبێ بە رەگەکانمان سەر لە خاك وەدەرنێین و لە ئەپیردا بپشکوێین و بەر بگرین.

www.arsivakurdi.org

## پاشماوەی ناسیۆنالیزم

بیرو بۆچوونی ڕووناکبیرانی فرانسه بوو. به بۆچوونی ئەوان دەوڵەت نەتەوه دروست ناکا، بەڵکو به پێچەوانه نەتەوه دەوڵەت دروست دەکا. به واتایەکی دیکه ئەوه مافه یاساییەکان نین که خەڵک یەک دەخەن و هەستی نەتەوەیی هاوبەشیان له لا دروست دەکەن، بەڵکو بنەمای نەتەوەیی هاوبەش، واته زمان، کولتوور و مێژووی هاوبەشه که هەستی هاوچارەنووسی له لای گەل دروست دەکەن. هەر لەسەر بنەمای ئەو بۆچوونەش بوو که دەوڵەتی نەتەوەیی ئاڵمان له سەر ئەم بناخەیه دامەزرێندرا و له جیاتی خۆ بەستنەوه به دەوڵەت، زمان و ڕەچەلەکی نەتەوەیی کرا به ئەساسی هاووڵاتی بوون.

سەرەڕای ئەوەش وەک ئۆیڤیند ئۆستێرۆد (Osterod) دەڵێ ناکرێ ڕینگێکی سیاسی دیاریکراو بدرێ به ناسیۆنالیزم، بەڵکو ناسیۆنالیزم ڕەنگی خۆی له دەوروبەری خۆی وەردەگرێ. به واتایەکی دیکه هەل و مەرج، حاڵەتەکانی مێژوویی، جوغرافی، سیاسی، دەوڵەتی و کولتوری فۆرمی تایبەتی دەدەن به ناسیۆنالیزم و بزاڤێکی ناسیۆنالیستی بۆی هەیه له قۆناخی مێژوویی جیاوازدا سروشتی خۆی بگۆڕێت.

بۆ لێکۆڵینەوەش له سەر ناسیۆنالیزم له هەر وڵاتێکدا پێویسته شێوه و ڕێباز و ئامانج و ئەنجامەکانی ناسیۆنالیزم لەبەرچاو بگرین نەک وەک بابەتێکی فیکری ڕووت. چونکه ناکرێ ناسیۆنالیزم وەک بەشێک یان لایەنێک له مێژووی فکر چاو لێ بکەین، بەڵکو دەبێ ناسیۆنالیزم وەک تاقیکارییەکی دەست نیشان کراو سەیر بکەین که له هەل و مەرجێکی دیاری کراو به شێوەیەکی تایبەتی گەشەی کردوه و سەری هەڵداوه که ناکرێ له شوێن و هەلومەرجێکی دیکەدا به هەمان شێوه دووپات بکرێتەوه.

به پێداچوونەوەیەک به سەر بزافی ناسیۆنالیستی دا بۆمان دەردەکەوێ که جاری وا هەبووه که بیرۆکەی ناسیۆنالیستی وەک ئامرازێک بۆ سپاندنی بیر و هزری شۆوێنیزم و ڕەگەز پەرستی کەڵکی لێوەرگیراوه. ئەوەش ئەو حاڵەتەیه که نەتەوەیەکی باڵادەست یان داگیرکەر بۆ درێژەدان به داگیرکەری و چەوساندنەوەی <<<< نەتەوەیەکی کەمینه یان پەلاماردانی نەتەوەی دەراوسێ ئیدئۆلۆژی ناسیۆنالیستی بەکار هێناوه. بۆ وێنه ناسیۆنالیزمی تورک و فارس و عەرەب دژی ناسیۆنالیزم و نەتەوەی کورد.

هەر لەو کاتەشدا ئەوەشمان بۆ ڕوون دەبێتەوه که ناسیۆنالیزم وەک بیرۆکەیەکی ڕزگاری خوازی بۆ دابین کردەنی ئازادی و یەکسانی و دەستەبەر کردنی مافی نەتەوایەتی بەکار هێندراوه. لەو حاڵەتەدا نەتەوەیەک بۆ ڕزگاری خۆی له ژێردەستی، دژی دەستدرێژی داگیرکەران له پێناو ئازادیدا خەبات دەکا. هەربۆیه مەحکوم کردنی ناسیۆنالیزم بەشێوەیەکی گشتی که کومۆنیست و لیبراڵ و ئیسلامییەکان دەیکەن حوکمێکی ناڕەوای ئیدئۆلۆژیکییه. چۆنکه ئەو تاقمانه ئامانجێکی سیاسی خۆیان هەیه و دەگەڵ سروشتی مرۆڤ و ئەزموونی بزووینەوەی ناسیۆنالیستی ناگونجێ.

## مێژووی تێئۆری ناسیۆنالیزم

بۆ ئەوەی مێژووی سەرهەڵدانی تێئۆری ناسیۆنالیزم به شێوەیەکی زانستی بخەینه بەر باس و لێکۆڵینەوه، بابەتەکه به دوو بەش دابەش دەکەین:
1 ـ ناسیۆنالیزم له ئوروپا 2 ـ ناسیۆنالیزم له ڕۆژهەلاتی ناوین و کوردستان.

1 ـ لەئوروپا: دوای سەرهەڵدانی ڕەوتی ڕۆشنگەری و ناسیۆنالیزم له ڕۆژئاوادا، بیری فەلسەفی کولتور ڕەوتێکی جیهانی به خۆیەوه گرت و بوون به مەسەلەیەکی نێونەتەوەیی. بەم جۆره شەپۆلی فەلسەفەی ڕۆشنگەری و شۆڕشەکانی ناسیۆنالیستی به شێوەی جۆراجۆر سەرانسەری دونیای داگرت. له ڕاستیدا ناسیۆنالیزم له ئوروپا دا بەرهەمی فەلسەفەی ڕۆشنگەری و ئاکامی ڕاستەوخۆی مۆدێرنیزم و شۆڕشی فەڕانسەیه.

فەلسەفەی ڕۆشنگەری له سەرەتای سەدەی هەژدەیەمدا وەک تەوژمێکی بەهێزی فەلسەفی، له پێشدا له بریتانیا و فرانسه و دواتریش له ئوروپادا بڵاو بۆوه. ئەم فەلسەفەیه دژی هەر چەشنه دەسەڵاتێک بوو که عەقڵی مرۆف له چوارچێوەی باوەڕی ئایینی و مێتافیزیکی دا ببەستێتەوه و له سەرووی هەموان دژی دەسەڵاتی کلیسا و چینی ئەریستۆکڕات بوو. به بۆچوونی ڕۆشنگەران سروشت شتێک نەبوو له سەرووی یان له دەرەوەی

بۆ لاپەڕی 17



www.arsivakurd.org

**پاشماوەی ناسیۆنالیزم**

جیاوازن وەک یەکەیەکی دیکە چاو لێدەکەن. لێرەدا هەستی من و ئەوی دیکە لە بوارێکی دیکەدا سەر هەڵدەدا و خەڵکی هەر ناوچەیەک دانیشتوانی ناوچەکەی خۆیان بە خۆیی و خەڵکانی دانیشتوی ناوچەکانی دیکە بە نامۆ دەزانن. هەر ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوە کە لە هەر یەکەیەکی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەستی پاراستن و بەرگری کردن لە داب و نەریت وکولتووری ئەو یەکەیە بەشێوەیەکی سرووشتی لە دەروون و بیری ئەندامانی کۆمەڵگاکە دروست ببێ.

بە پێداچوونەوەیەک بە سەر ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵ ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە بوونی ئەو هەستە واتە "من" و ئەوی دی لە نێوان چەند کۆمەڵگایەک، یان بۆتە هۆی پێک هاتنی وڵاتێکی سەربەخۆی خاوەن سیستم و دەزگایەکی حکومەتی یان خود کۆبوونەوەی خێڵ گەلێک بە کولتوورێکی هاوبەش لە ناوچەیەکی بەرفراوان دا کە ئەو خێڵ و عەشیرەتانە وەک وڵاتی خۆیان سەیریان کردوە و بەو جۆرە بەرژەوەندێکی هاوبەشیان لە نێواندا دروست بووە و پاراستنی ئەو بەرژەوەندییان بە ئەرکی سەر شانی خۆیان زانیوە.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەو پێشەکییە دەتوانین بڵێین ناسیۆنالیزم بە شێوەیەکی گشتی دیاردەیەکی سروشتی و دەرونییە و مرۆڤ هەر لە کۆنەوە ویستویەتی و ئێستاش دەیهەوێت دەگەڵ ئەو کەسانە تێکەڵاوی هەبێت و بژی کە لە زمانەکەیان تێدەگا و هەست دەکا کە کولتوور یان مێژوویەکی هاوبەشی دەگەڵیان هەیە و خاوەنی کۆمەڵە ئامانجێکی هاوبەشن. هەر لەو کاتەشدا لەوانی تر واتە لەو کەسانەی کە خاوەنی زمان و کولتوورێکی جیاواز بوون سڵەمیوەتەوە و ویستوویەتی خۆی لەوان دوور بکاتەوە. تەنانەت زۆر جاریش ئەو هەستە لە نێو کۆمەڵە خەڵکێکی هاوبەرژەوەندی ئەوەندە بەهێز بووە کە ئەگەر توانیبێتیان و بۆیان لوابێت پەلاماری کۆمەڵگاکانی تریان داوە و تێکۆشاون بیانخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان.

بەم جۆرە دەتوانین بڵێین ناسیۆنالیزم بیر و بۆچوونێکە کە بۆ ئەوەی نرخ و بەرژەوەندی نەتەوەکە دەگەڵ نرخ و بەرژەوەندی نەتەوەکانی دیکە هاوتا بکا، بە پێی هەلومەرج و >>>>

ویستی کۆمەڵە خەڵکێکی ئێتنیکی"نەتەوەیەک" کە خاوەنی زمان و کولتووری هاوبەشن سەر هەڵدەدا.

بە واتایەکی دیکە ناسیۆنالیزم بیر و بۆچوونێکە کە دەیهەوێ لە ڕێگای سیاسەتێکی سەربەجۆوە بەرژەوەندی بەرزی نەتەوەیی دابین باکا و بۆ ئەو مەبەستەش بە پێویستی دەزانێ کە هەموو نەتەوەیەک دەبێ ئەو چوارچێوە جوغرافیاییەی کە تێیدا دەژێ بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و دەوڵەتی نەتەوەیی دابمەزرێنێت. بەردی بناخەی ئەو بیرۆکەیەش پێک هاتووە لە زمان و کولتوورێک کە کۆمەڵە خەڵکێکی دیارێکراو لە مێژووی خۆیاندا هێناویانەتە بەرهەم و بەم جۆرە توانیویانە زەمینەی پێکەوە ژیان و بەرژەوەندی هاوبەش دروست بکەن. بەمجۆرە ناسیۆنالیزم مانا و ناوەرۆکێکی سیاسی بەو کولتووره دەدات و ئەو ڕاستییەش دەسەلمێنێ کە تەنیا ڕێگا بۆ وەدەست هێنانی ناسنامەی کولتووری، دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی یان بەدەستەوە گرتنی چارەنووسە.

## شێواز و چەشنەکانی ناسیۆنالیزم:

ناسیۆنالیزم لە ڕەوتی مێژوویی خۆی دا بە دوو جۆری سەرەکی سەری هەڵداوە کە بریتین لە :

1 ـ ناسیۆنالیزم لەسەر بنەمای نەتەوەیی هاووڵات بوون واتە( نەتەوە ـ وڵات)

2 ـ ناسیۆنالیزم لەسەر بنامای نەتەوەیی ـ کولتوری(نەتەوە ـ کولتوور)

شێوازی یەکەمیان زۆرتر ڕووناکبیرانی فرانسە داڕێژەری و لایەنگری بوون و پێیان وابوو کە دەوڵەت نەتەوە دروست دەکا. بە بۆچوونی ئەوان نەتەوە بریتییە لە دانیشتوانی کۆمەڵگایەک و تەواوی ئەو خەڵکانەی کە لە ناو سنوورێکی دیاری کراو و لە ژێر سێبەری سیستمێکی هاوبەشی سیاسی دا یەکیان گرتووە. بە گوێرەی بیر و بۆچوونی ئەو ڕووناکبیرانە هەموو ئەو کەسانەی کە لە چوار چێوەی ئەو سنوورەدا (کە بە وڵات ناودێر کراوە) دەژین هاووڵاتی یەکترن و ئەو هاووڵاتیانەش بەبێ لەبەرچاو گرتنی ڕەگەز و کولتوور و ئائین و ڕەنگی پێست و باری نەتەوەییان دەبێت یەکسان بن مافی وەک یەکیان هەبێ.

بەڵام شێوازی دووهەم کە ڕۆمانتیکەکانی ئاڵمان بڕوایان پێ هەبوو بە پێچەوانەی بۆ لاپەڕی 16

www.arsivakurdi.org

# ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کورد

نوسین و ئامادە کردن: قاسم قارەمانی



پێش ئەوەی بچینە سەر ئەسڵی مەسەلەکە پێویستە لە بیرمان بێ بۆ ئەوەی ناسیۆنالیزم بە شێوەیەکی زانستییانە بناسێنین دەبێ ئەو ئامراز و هۆکارانەی بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم بە باشی پێناسە بکەین. ئەوەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی قوڵ و زانستیانەی زمانەوانی و کولتوری و مێژوویی هەیە. هەرکام لەوانەش خۆی باسێکی دوور و درێژ هەڵدەگرێ پێویستی بە کات و ساتێکی زۆر هەیە. هەر بۆیە ئێمە لێرەدا بێ ئەوەی بچینە سەر لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو بابەتانە، بە کورتی دەچینە سەر باسی ناسیۆنالیزم و مێژووی ناسیۆنالیزم لە جیهان و کوردستاندا.

## ناسۆنالیزم چیە و ڕەوتی ناسیۆنالیزم لە مێژوودا بە چ شێوەیەک بووە؟

ئەگەر بەوردی سەرنج بدەینە سەر ڕەوتی ژیانی مرۆڤ، دەبینین کە مرۆڤ بۆ پێکهێنانی سەرەتایی ترین یەکەی کۆمەڵایەتی کە بنەماڵەیە هەوڵ دەدا دەگەڵ کەسێک ئەو هەنگاوە بنێ کە لەمەڕ شێوەی ژیان، بیر و بۆچوونێکی وەک یەکیان هەبێ یان هەر نەبێ بیر و بۆچوونەکانیان لێک نزیک بێ و پێک نامۆ نەبن. ئەو یەکەیەی کۆمەڵگاش لە هەڵبژاردنی شوێنی ژیانی خۆی هەوڵ دەدا و لە ڕابردووشدا هەوڵی داوە شوێنی ژیانی خۆی لە کۆمەڵگایەک دا هەڵبژێرێ کە دەگەڵ دانیشتوانی ئەو کۆمەڵگایە کۆمەڵێک شتی هاوبەشی هەبێ و لە بواری داب و نەریتەوە وەک یەک بن و ئامرازی پێوەندی گرتنیان بەیەکترەوە بەتایبەت ئاخاڤتنیان وەک یەک بێ و تێگ بگەن. ئەو شێوە هەڵبژاردنەی شوێنی ژیان لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگادا وەک گوند و شاروچکە و شار و ناوچە و وڵات لە مێژووی مرۆڤ دا زۆر بە ڕوونی وەبەرچاو دەکەوێ و دیارە.

بە واتایەکی دیکە کاتێک بەوردی شێوەی پێکهاتنی کۆمەڵگایەک دەخەینە بەر لێکۆڵینەوە، >>>> بۆمان دەردەکەوێ کە بنەماڵە وەک سەرەتایی ترین یەکەی کۆمەڵ بەردی بناخەی پێکهاتەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیە و مرۆڤ هەر لە سەرەتای پێکهێنانی ئەو یەکەیە و دەستپێکی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی لەو خەڵکە بە نزیکتر زانیوە کە سەرەتایان دەگەڕێتەوە سەر ئەو بنەماڵەیە کە خۆی لە وێدا بەدی دەکا. پاشام کە بنەماڵە ڕووی لە پەرەگرتن کردووە تایفە و عەشیرەت و خێڵ هاتۆتە گۆڕێ، هەر خێڵ و عەشیرەتێک هەوڵی داوە کە دەگەڵ خێڵ و عەشیرەتێک کۆمەڵگای هاوبەش دروست بکا کە داب و نەریتی لێک نزیکیان هەیە و تەنانەت لە زۆر بواراندا لە بەرانبەر خێڵ و عەشیرەت و تایفەکانی دیکەدا جۆرە هاوپەیمانییەکیان بە شێوەیەکی سروشتی لە نێواندا هەبووە. ئەو ڕەوتەش لە هەمو سەردەم و بوارەکانی پێک هاتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا بەرچاوە.

ئەلێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە مرۆڤ لە هەموو بوارێکی ژیاندا هەستی بە من و ئەوی دیکە کردوە. لە نێوان دوو ئەندامی بنەماڵەیەک ڕا بگرە تا دەگاتە نێوان یەکە گەورەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەو هەستە بە ڕوونی دەبینرێ.

ئەگەر هەستی "من" و ئەو لە نێوان دوو کەس دا لە سەر ئەساسی بەرژەوەندی تاکە کەسە، ئەو هەستە لەنێوان دوو بنە ماڵەدا لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی بنەماڵەیی و لە نێوان دوو تایفەدا لەسەر بناخەی بەرژەوەندی تایفەیە. کاتێک کۆمەڵگایەک پەرە دەستێنێ و ناوچەیەکی بەرفراوانتر و سنوورێکی جوغرافیایی بەربڵاوتر دادەگرێ ئەو کات دانیشتوانی ئەو ناوچەیە بە داب و نەریت و مێژوویەکی هاوبەشەوە خۆیان لە بەرانبەر دانیشتوانی ناوچەیەکی دیکە کە خاوەنی داب و نەریت و مێژوویەکی

بۆ لاپەڕەی 15

www.arsivakurdi.org

## پاشماوەی بیرکردنەوە

ئامرازە تەکنیکییەکان بێنە ناو ژیانی رۆژانە مانەوە و لە هەمانکاتدا لە دەرەوە دەیانهێڵینەوە، واتە وەکوو شتانێك کە بە هیچ شێوەیەك رەها نین و بەردەوام وابەستەی شتێکی باڵاترن وازیان لێدەهێنین. من ئەم مامەڵە کردنە لەهەمبەر تەکنۆلۆژیا کە لە یەك کاتدا هەم بەڵێ و هەم نەخێر دەردەبڕێت بە وشەیەکی کۆن[ی ئەڵمانی] ناو دەنێم "سەربەست بوون لە هەمبەر شتەکاندا ." کاتێك خاوەنی ئەم جۆرە لە مامەڵ کردن بووین ئیتر تێڕوانینیشمان بۆ شتەکان تێڕوانێکی تەکنیکی رووت نییە. ئەمە بینینێکی روونمان پێدەبەخشێت و دەبینین لە کاتێکدا بەرهەمهێنان و سوودەکانی مەکینەکان داوای جۆرێکی تر لە پەیوەندی لەگەڵ شتەکانمان لێدەکەن، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکی بێ مانا نییە. بۆ نموونە وەرزیاری و کشتوکاڵ بووە بە پیشەسازی مۆتۆریزەکراوی خۆراك. کەواتە لەم بوارەدا، وەکوو هەموو بوارەکانی تر، بە ئاشکرا خەریکە گۆڕانێکی گەورە لە پەیوەندی مرۆڤ بە سروشت و جیهانەوە روودەدات. بەڵام مانای باڵادەستی ناو گۆڕانە بە شاراوەیی دەمێنێتەوە.

کەوابێت لە هەموو پرۆسە تەکنیکییەکاندا مانایەك هەیە کە ئێمە دامان نەهێناوە و دروستمان نەکردووە، ئەو مانایە خۆی بە خاوەنی ئەو شتانە دەزانێت کە مرۆڤ کردوونی یان بە نەکراویی هێشتوونیەوە. ئێمە نازانین ئەو باڵادەستییە سەیر و سەمەرەیەی تەکنۆلۆژیای ئەتۆمی کە رۆژ لە دوای رۆژ زیاد دەکات ئاماژە بە چی دەکات. ئەو مانایەی بەسەر تەکنۆلۆژیادا زاڵە خۆی پەنهان دەکات. بەڵام گەر بە روونی و بە شێوەیەکی بەردەوام سەرنجی ئەو راستییە بدەین کە ئەو مانا پەنهانە لە هەموو شوێنێکی جیهانی تەکنۆلۆژیادا بەرمان دەکەوێت، ئەوە دەمودەست دەکەوینە ناو هەرێمی ئەوەی خۆی لە ئێمە پەنهان دەکات، واتە ئەوەی دەمودەست لەگەڵ بەرکەوتنی لەگەڵ ئێمەدا خۆی پەنهان دەکات. خۆ-نیشاندان و لە هەمانکاتدا خۆ-کشاندنەوە خەسڵەتی جەوهەری ئەوەیە کە ئێمە بە "راز" ناوی دەبەین. من ئەو مامەڵەیە کە توانایی ئەوەمان پێدەدات بە کراوەیی بەڕووی مانای پەنهانی تەکنۆلۆژیادا بمێنینەوە بە "کراوەبوون بەڕووی رازدا" ناو دەنێم. >>>>

سەربەست بوون لە هەمبەر شتەکاندا" و "کراوەبوون بەڕووی رازدا" هی یەکترن. ئەوان شیانی نیشتەجێبوونێکی تەواو جیاواز لە ناو جیهانمان پێدەبەخشن. ئەوان بەڵێنی بنەما و بناغەیەکی نوێمان پێدەدەن کە بکرێت بە پشت بەستن بەوان لە جیهانی تەکنۆلۆژیادا رابوەستین و بەردەوام بین، بە بێئەوەی لە لایەن ئەم جیهانەوە تووشی مەترسی بکرێینەوە.

سەربەست بوون لە هەمبەر شتەکان" و "کراوەبوون بەڕووی رازدا" رۆئیای ئەوەمان پێدەدات کە بە شێوەیەکی نوێ لەسەر رەگی داکوتاو لە ناو خاکی زیددا بوەستین، ئەم وەستانەش دەکرێ رۆژێك بۆ دەستخستنەوەی وەستانە دێرینەکە لە فۆرمێکی گۆڕاودا گونجاو بێت، مەبەست ئەو وەستانەیە کە ئەمرۆ خەریکە بە خێرایی مەحو دەبێتەوە.

بەڵام لە ئێستادا مرۆڤ – هەرچەند نازانین بۆ چ ماوەیەك- خۆی لە ناو بارودۆخێکی مەترسیدار دەبینێتەوە. لەبەرچی؟ ئایا تەنها لەبەر ئەوەی دەشێت شەڕ جیهانی سێیەم بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو رووبدات و لە ئەنجامدا سڕینەوەی بە تەواوەتی مرۆڤایەتی و وێران بوونی زەوی لێبکەوێتەوە؟ نەخێر. لەگەڵ دەرکەوتنی سەردەمی ئەتۆمیدا، واتە رێك لەو کاتەدا کە مەترسی شەڕی جیهانی سێیەم لادراوە، مەترسییەکی یەکجار گەورەتر هەڕەشە دەکات. ئەمە جەختکردنەوەیەکی سەیرە! بەڵێ سەیرە، بەڵام تەنها ئەو کاتەی کە لێی رانەماوین.

ئایا ئەم رستەیەی سەرەوە بە چ مانایەك راست و باوەڕپێکراوە؟ ئەم جەختکردنەوەیەی سەرەوە بەو مانایە راستە کە ئەو گۆڕانە بنەڕەتییەی شۆڕشی تەکنۆلۆژێك کەوا لە ناو سەردەمی ئەتۆمیدا بەڕێوەیە، دەشێت وەها مرۆڤ سەرسام بکات و جادوو و ئەفسوونی لێبکات و هەڵیبخەڵێتێنێت، کە لە ئەنجامدا رۆژێك دابێت لە لای ئەو بیرکردنەوەی حیسابکارانە وەکوو تاکە شێوازی بیرکردنەوە قەبووڵ بکرێت و کردەیی بکرێتەوە.

ئەی پاشان دەشێت لەگەڵ چ مەترسییەك رووبەڕوو ببینەوە؟ دواتر دەشێت شان بە شان و لە ئەنجامی پلاندانان و داهێنانی حیسابکارانەی زیرەکانەدا گوێ-مەدەییەك بەرامبەر بیرکردنەوەی تێڕامێن بێتە ئاراوە، ئەمەش واتە بیرنەکەرەوە- بوونێکی بە تەواوەتی. ئەی پاشان؟ پاشان مرۆڤ بۆ لاپەڕی 15

www.arsivakurd.org

**پاشماوەی بیرکردنەوە**

گروپ، هیچ کۆمیسیۆنێکی پیاوانی سیاسی پایەبەرز، یان زانایان و تەکنیککاران، هیچ کۆنفراسێکی سەرۆکە بازرگانی و پیشەسازییەکان ناتوانێت رەوتی پێشکەوتنی مێژوو لە سەردەمی ئەتۆمیدا بپچڕێنێت یان ئاراستەی بپێبدات. هیچ رێکخراوێکی مرۆیی توانایی ئەوەی تێدا نییە کە زاڵ ببێت بەسەریدا.

مادام وابێت ئایا دەبێ بڵێین مرۆڤ قوربانییەکی بێپەنا و دۆشداماوە لەبەردەستی دەسەڵاتی باڵادەستی تەکنۆلۆژیایەکدا کە لە بەرامبەریدا خۆڕاگری ناکرێت؟ بێگومان مرۆڤ وای لێدێت ئەگەر بێتو واز لە هەموو ویستی خۆی بۆ تاقیکردنەوەی جیدی هێزی بیرکردنەوەی تێڕامێن لەبەرامبەر بیرکردنەوەی حیسابکارانەدا بێنێت. بەڵام کاتێك بیرکردنەوەی تێڕامێن بێدار دەبێتەوە، ئەو کاتە پێویستە ئەم بیرکردنەوەیە بە بێ پچڕان لە هەموو بۆنەکان لە کاردا بێت، کەوایە دەبێ لێرەش و ئێستا لەم دانیشتنی یادکردنەوەیەشدا لە کاردا بێت. لەبەر ئەوەی ئێمە لێرە [لەم بۆنەیەدا] بیر لەوە دەکەینەوە کە بە تایبەتی لە سەردەمی ئەتۆمیدا مەترسی لەسەرە: ئەوەی تووشی مەترسی بووەتەوە وەستانی کارەکانی مرۆڤە لەسەر رەگی داکوتراو لە ناو خاکی زێدا.

کەوایە ئێستا دەپرسین: مادام لەم سەردەمەدا تەنانەت وەستانی دێرینی مرۆڤ لەسەر رەگی داکوتاو لە خاکی زێدا لە کیس دەچێت، ئایا ئیتر ناشێت جارێکی تر بنەما و بناغەیەکی نوێ بە مرۆڤ ببەخشرێت، بنەما و بناغەیەك کە چییەتی مرۆڤ و هەموو کارەکانی بتوانن، تەنانەت لە سەردەمی ئەتۆمیشدا، بە شێوازێکی نوێ لەوێوە سەوزببن و گەشە بکەن؟

ئاخۆ ئەو بنەما و بناغەیە چییە کە مرۆڤ دەتوانیت بە هۆی ئەوەوە لەسەر رەگی داکوتاو لە خاکی زێدا رابوەستێت. لەوانەیە ئەو وەڵامەی بۆی دەگەڕێین لەبەر دەستمان بێت، لەوانەیە ئەوەندە لێمانەوە نزیك بێت کە نەتوانین بیبینین و زۆر بە سانایی باز بدەین بەسەریدا. چونکە ئەو رێگایەی دەمانگەیەنێتە لای ئەوەی لێمانەوە نزیکە دوور و درێژترین رێگا و لەوێشەوە دژوارترین رێگایە بۆ ئێمەی مرۆڤ. ئەو رێگایە رێگای بیرکردنەوەی تێڕامێنە، بیرکردنەوەی >>>>

تێڕامێن داوای ئەوەمان لێدەکات بە شێوەیەکی یەکلایەنە بە یەك بۆچوونەوە نەنووسێین، یان بۆ ئاستی بیرۆکەیەکی تاك رێچکەیی دانەبەزین. بیرکردنەوەی تێڕامین داوامان لێدەکات پابەند بین بەوەوە کە لە یەکەم نیگادا بە هیچ شێوەیەك رێکناکەوێت (لەگەڵماندا).

با نموونە بێنینەوە: بەرنامەکان، ئامرازەکان و مەکینەکانی تەکنۆلۆژیا کەم تا زۆر بە لای هەمووممانەوە زەروورین و نکۆڵییان لێ ناکرێت. گەمژییە ئەگەر بێتو بە شێوەیەکی کوێرانە هێرش بکەینە سەر تەکنۆلۆژیا، هەروەها کورت بینییە گەر بێین و وەکوو کاری شەیتان مەحکوومیان بکەین. ئێمە پشت بەو ئامرازە تەکنیکیانە دەبەستین، ئەم ئامرازانە تەنانەت بەرەو پێشکەوتنی گەورەتریش دنەمان دەدەن و تواناکانمان تاقی دەکەنەوە. بەڵام لە ناکاو و بە بێ ئەوەی بە خۆمان زانیبێت دەبینین بەستراوینەتەوە پێیانەوە و تووشی کۆیلایەتی بووینە.

بەڵام هێشتاش دەکرێ بە شێوازێکی تر مامەڵە بکەین. دەکرێ ئەم ئامرازە تەکنیکیانە بە کار بێنین و لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆی بەکار هێنانی دروستەوە تا رادەیەکی بەرچاو ئازادی خۆمان لەم ئامرازانە بپارێزین، بەو مانایەی بشێین لە هەر کاتێکدا دەست بەرداریان بین. ئێمە دەتوانین ئامرازە تەکنیکییەکان وەك ئەوەی دەبێ بەکار بهێنرێن بە کارییان بێنین، بەڵام هەروەها دەتوانین وەکوو ئەو شتەی کە کاریگەری لەسەر ناوەوە و توخمی راستەقینەی ئێمە دانانێت وازی لێبێنین. ئێمە دەتوانین جەخت لەسەر سوودی حاشا هەڵنەگری ئامرازە تەکنیکییەکان بکەینەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا دەشتوانین ئەو مافەیان لێ بستێنینەوە کە بەسەر ماندا زاڵ ببن و دزە بکەنە ناو سروشتمانەوە و ئاوێتەی سروشتمان بن و لە ناوی بەرن.

بەڵام ئایا ئەم شێوازە لە گوتنی "بەڵێ" و "نەخێر" بە ئامرازە تەکنیکییەکان واناکات پەیوەندی ئێمە بە تەکنۆلۆژیاوە پەیوەندییەکی لێکدژ و نا-تەندروست بێت؟ [نەخێر] بە پێچەوانەوە پەیوەندی ئێمە بە تەکنۆلۆژیاوە دەبێتە پەیوەندییەکی یەکجار ساکار و ئاسوودە. ئێمە لێدەگەڕێین

بۆ لاپەڕەی 13

www.arsivakurd.org

## پاشماوەی بیر کردنەوە

ئەو دیو زەوی، واتە بیباتە فەزا. لە ماوەی کەمتر لە بیست ساڵدا ئەو سەرچاوە زەبەلاحانەی وزە بە هۆی دۆزینەوەی وزەی ئەتۆمییەوە ئاشکرا بوون و لە داهاتوویەکی پێشبینیکراویشدا گەرەنتی دابینکردنی هەموو جۆرە وزەیەك بۆ هەتا هەتایە دەکەن. لە داهاتوویەکی نزیکدا وای لێدێت وەدەستهێنانی وزەی نوێ بە وڵات یان کیشوەرێکی دیاریکراوەوە نابسترێتەوە، وەکوو چۆن ئێستا رێژی و نەوت و دار تەنها لە کۆمەڵێك وڵاتدا هەن. لە داهاتوویەکی پێشبینیکراودا وای لێدێت کە بتوانرێت لە هەر شوێنێکی سەر زەوی وێستگەکی وزەی ئەتۆمی دابمەزرێنرێت.

کەواتە پرسیاری هەستیاری زانست و تەکنۆلۆژیا چیتر ئەوە نییە کە ئاخۆ لە کوێ رێژەی پێویستی سووتەمەنی بدۆزینەوە. بەڵکو پرسیاری هەستیار ئەوەیە کە: ئاخۆ بە چ رێگەیەك دەتوانین رێژەیەکی یەکجار بەرچاو و لەخەیاڵنەهاتووی وزەی ئەتۆمی رام و ئاراستە بکەین، بە شێوەیەك کە مرۆڤایەتی لەو مەترسییە بپارێزین کە لە ناکاو –تەنانەت بە بێ هیچ کردەوەیەکی سەربازیش- ئەم وزە زەبەلاحە بتەقێتەوە، یان لە دەست دەربچێت و هەموو شتێك لە ناو بەرێت.

گەر بێتو رامکردنی وزەی ئەتۆمی سەرکەوتوو بێت، کە واش دەبێت، ئەوە قۆناغێکی تەواو نوێ لە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیك دەستپێدەکات. ئەوەی ئێستا وەکوو تەکنۆلۆژیای فیلم و تەلەفزیۆن و گواستنەوە، بە تایبەتیش گواستنەوە ئاسمانی و تەکنۆلۆژیای هەواڵ گواستنەوە و تەکنۆلۆژیای پزیشکی و خۆراك دەیناسین تەنها دەستپێکێکی زۆر سەرەتایی ئەم تەکنۆلۆژیایەیە. کەس ناتوانێت ئەو گۆرانانە پێشبینییان بکات کە بەرێوەن. بگرە پێشڤەچوونی تەکنۆلۆژیا تا دێت خێراتر دەبێت و بە هیچ شێوەیەکیش ناکرێت بوەستێنرێت. هێزەکانی تەکنۆلۆژیا لە هەموو پانتاییەکانی بوونیدا داڵدەی مرۆڤ دەدەن و سنوورەکانی لێ بەرتەسك دەکەنەوە. ئەم هێزانە لە هەموو شوێنێکدا و سات بە سات لە فۆرمی هەندێك کەرەستە و مەکینە یان هەر شتێکی تردا بانگهێشتی مرۆڤ دەکەن، دەیبەستنەوە و پەلکێشی دەکەن و خۆیان بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنن >>>>

-مرۆڤ ئەم هێزانەی دروست نەکردووە، هەر بۆیەش ئیرادە و ویستی مرۆڤیان تێپەڕاندووە و خێراتر لە توانایی بڕیاردانی ئەو گەشەیان کردووە.

تواناییەکانی تەکنۆلۆژیا بە خێراترین شێواز ناو دەردەکەن و بە شێوەیەکی بەربڵاویش ستایش دەکرێن، ئەمەش تایبەتمەندییەکی جیهانی نوێی تەکنۆلۆژیایە. هەربۆیەش هەموو کەسێك دەتوانێت لە گۆڤارێکی وێنەیی رێك و پێکدا ئەو شتەی لەم وتەیەدا لەسەر تەکنۆلۆژیا دەگوترێت بخوێنێتەوە، یانیش لە رادیۆ گوێی لێبێت. بەڵام بیستن و خوێندنەوە، واتە بەدیکردنی بابەت شتێکە و تێگەیشتن لەوەی بیستوومانە و خوێندوومانەوە، واتە قووڵبوونەوە لێی، شتێکی ترە.

بۆ جارێکی تریش کۆبوونەوەی نێودەوڵەتی براوەکانی خەڵاتی نۆبڵ لە هاوینی ئەمساڵدا (1955) لە ليندااوو بەڕێوەچوو. لەم کۆبوونەوەیەدا کیمیازانی ئەمریکی ستانلی ئەم قسەیەی پێیە بۆ کردن: "کاتی ئەوە نزیك بووەتەوە کە ژیان بخرێتە ناو دەستی ئەو کیمیازانانەوە کە توانایی ئەوەیان هەیە بە ویستی خۆیان هەموو جەوهەرە زیندووەکان لێکبدەن و لێکیان جیا بکەنەوە و بیانگۆڕن." ئێمە ئەم رستەیە بە رستەیەکی گرنگ دەزانین، بگرە بە بێئەوەی بیری لێبکەینەوە سەرسامیش دەبین بەو جەربەزەیەی لە توێژینەوەی زانستیدا هەیە. ئێمە بە بەردەوامی بیر لەوە دەکەینەوە کەوا هێرشێك بە هۆی کەرستە تەکنۆلۆژییەکانەوە بۆ سەر زەوی رێك دەخرێت، کە تەقینەوەی بۆمبی هیدرۆژێنی لە چاو ئەو هیچ نییە. چونکە ئەگەر بۆمبی هیدرۆژێنیش نەتەقێتەوە و ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی پارێزراو بێت، هێشتاش گۆڕانیکی سەیر و سەمەرە لە جیهاندا بە سەرمانەوە لە رووداندایە.

بەڵام بەم حاڵەشەوە ئەوەی بەراستی سەیر و سەمەرەیە ئەوە نییە کە جیهان خەریکە دەبێتە جیهانێکی تەواو تەکنیکی. بەڵکو زۆر لەمە سەیر و سەمەرەتر نا- ئامادەبوونی ئێمەیە بۆ ئەم گۆڕانانە، هەروەها بێتواناییمان لە ئاست رووبەڕووبوونەوەی تێرامێنانە لەگەڵ ئەوەدا کە خەریکە لەم سەردەمەدا سەرهەڵبدات.

هیچ مرۆڤێك چ وەکوو تاك و چ وەکوو

بۆ لاپەڕەی 12



www.arsivakurdi.org

## وتارێك لەمەڕ بیركردنەوەی
## (پەیامی یادكردنەوە)

بەشی دووەم و كۆتایی

مارتن هایدگەر
وەرگێڕانی لە ئینگلیسییەوە: ڕێبوار قارەمانی

زیاتر لەگەڵ بیركردنەوەدا دەڕۆین و دەپرسین: كەوابێت ئایا دەشێت چاوەڕێی ئەوە بین كە هێشتاش مرۆڤ و كاری مرۆڤ لە ناو خاكی بە پیتی زێد و زادگەیدا سەوز بێت و بەرەو ئەپیر، واتە بەرەو ئاسمانە دوورەدەستەكان و هەرێمی روح، بەرزبێتەوە، یان نا، ئیتر هەموو شتەكان دەكەونە چنگی پلاندانان و حیسابكردن و ڕێكخستن و ئۆتۆماسیۆن؟

گەربێتو بە وردی بیر لەوە بكەینە كە ئەم مەراسیمە بە بیركردنەوەمانی دەبەخشێت، ئەوە دەبێ لە دەستدانی "وەستان لەسەر رەگی داكوتراو لە ناو خاكی زێد"یش ببینین، كە بە هۆیەوە سەردەمی ئێمە تووشی مەترسی بووە. ئینجا لەوێشەوە دەپرسین: ئەوە چییە كە لەم سەردەمەی ئێمەدا روودەدات؟ تایبەتمەندی ئەم سەردەمەی ئێمە چییە؟

ئەم سەردەمە نوێیە وا خەریكە دەست پێدەكات و بەم دواییەش ناوی سەردەمی ئەتۆمییان لێناوە. زەقترین نیشانەی ئەم سەردەمەش بۆمبی ئەتۆمییە. بەڵام بۆمبی ئەتۆمی تەنها نیشانەیە بۆ شتێكی ئاشكرا. چونكە هەر زوو زانرا كە دەكرێ وزەی ئەتۆمی بۆ ئامانجی ئاشتیخوازانەش بەكار بهێنرێت. فیزیازانە ئەتۆمییەكان لە هەموو لایەكەوە سەرقاڵی دانانی پلانی بەرفراوانن بۆ ئەوەی سوودە ئاشتیخوازەكانی وزەی ئەتۆمی بخەنەگەڕ. كۆمپانیا پیشەسازییە زەبەلاحەكانی وڵاتانی پێشەنگ و بەر لە هەمووشیان ئەوانەی وڵاتی ئینگلیز، پەییان بەوە بردووە كە دەكرێ گەشە بە وزەی ئەتۆمی بدرێت و بكرێت بە بازرگانییەكی یەكجار بەرفراوان. لە ڕێگە ئەم بازرگانییەوەشەوە سەردەمێكی نوێ لە بەختەوەری وێنادەكرێت. هەڵبەت زانستی ئەتۆمیش دەستەوەستان نەوەستاوە. ئەم زانستەش لە لایەن خۆیەوە ئەم سەردەمە نوێیەی بەختەوەری ڕادەگەیەنێت. هەر بۆیەش هەژدە براوەی خەڵاتی نوبڵ لە مانگی جولای ئەمساڵ >>>> لە"لەیك كۆنستاس" لە بەیاننامەیەكدا ڕادەگەیەنن كە "زانست (مەبەستیان زانستی سروشتی مۆدێرنە) ڕێگەیەكە بەرەو ژیانێكی بەختەوەرتر بۆ مرۆڤ".

مانای ئەم رستەیە چییە؟ ئایا ئەم رستەیە لە بیركردنەوەیەكی قووڵەوە سەرچاوەی گرتووە؟ ئایا [ئەم رستەیە] هەرگیز بیری لە مانای سەردەمی ئەتۆمی كردووەتەوە؟ نەخێر! ئەگەر بێتو بەم رستەیەی زانست رازی بین و پاڵی لێبدەینەوە، ئەوە ئەوەندەی مومكین بێت لە بینێكی بیریارانە سەبارەت بە سەردەمی خۆمان دووركەوتووینەتەوە. لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی رازی بوون بەم رستەیە واتە لە بیرمان چووە قووڵ بینەوە. لەبەر ئەوەی لە بیرمان چووە پرسیار بكەین "ئایا ئەو بنەمایە چییە كە توانای ئەوەی بە تەكنۆلۆژیا داوە كە وزەی نوێ لە سروشتدا بدۆزێتەوە و بەری بداتەوە". هۆی ئەمە بۆ ئەو گۆڕانە ریشەییە دەگەڕێتەوە كە لە چەمكە بنەڕەتییەكاندا روویداوە، ئەم گۆڕانەش لە ماوەی چەندین سەدەی رابردوودا بە بەردەوامی هەبووە و بە هۆیەوە مرۆڤ خراوەتە ناو جیهانێكی جیاوازەوە. ئەم گۆڕانە رادیكاڵەی تێڕوانین لە فەلسەفەی مۆدێرن دەكەوێتەوە. لەوێشەوە پەیوەندییەكی تەواو نوێی مرۆڤ بە جیهان و شوێنی مرۆڤ لە جیهاندا سەرهەڵدەدات. جیهان وەكوو ئامانجێكی بەردەست لە هەمبەر هێرشەكانی بیركردنەوەی حیسابكارانەدا دەردەكەوێت، پێناچێت شتێك هەبێت بتوانێت لە بەرامبەر ئەو هێرشانەدا خۆڕاگری بكات. سروشت دەبێت بە وێستگەیەكی زەبەلاحی سووتەمەنی و سەرچاوەی وزە بۆ تەكنۆلۆژیا و پیشەسازی مۆدێرن. ئەم پەیوەندییە [نوێیە]ی مرۆڤ بە جیهانەوە كە لە بنەمادا پەیوەندییەكی تەكنیكییە، بۆ یەكەمجار لە سەدەی حەڤدەیەمدا و تەنها لە ئەوروپاش پەرەی سەند. ئەم جۆرە پەیوەندییە بۆ ماوەیەكی دوور و درێژ لە كیشوەرەكانی تر نەناسراو بوو، هەروەها ئەم جۆرە لە پەیوەندی لە لای سەردەم و قۆناغە مێژووییەكانی پێشووتریش نامۆ بووە. پەیوەندی مرۆڤ بە بوو(موجود)ەوە لە لایەن ئەو هێزەوە دیاریدەكرێت لە ناو تەكنۆلۆژیادا پەنهانە. ئەم هێزە حوكمی هەموو جیهان دەكات. مرۆڤ ئیتر دەستی كردووە بەوەی پێشكەوتنەكانی خۆی بەرێتە

بۆ لاپەڕەی 11

www.ataswakurdi.org

**پاشماوەی ڕاگەیەندراوی هاوبەش**

لەو ساڵانەی دواییدا یاسای لەمەڕ قەدەغە کردنی زمانی کوردی وەلاندرا. حکومەتی ئێستای تورکیە تلویزیۆنی بە زمانی کوردی وەکار خست لە هێندێک زانکۆ بەشی کوردی دامەزراند. سەرەڕای ئە هەنگاوانەش، لە بواری فەرمی بوونی خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکان هیچ گۆڕانکاری ڕێفۆرمێک جێبەجێ نەکرا. مادەکانی یاسای بنەڕەتی پێشوو کە پێش بەو کارە دەگرن هەر لە جێی خۆیان ماون. ئێستا کە پرسی گۆڕانکاری لە یاسادا وەک ڕۆژەڤ لەبەر دەستدایە، گرینگی ئەو پرسانە زۆرتر هەست پێدەکرێ.

تورکیە هەتا ئێستا گەلێک ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی لە بواری پەروەردە بە زمانی زگماکی و مافی منداڵان واژۆ کردوە. جێکای داخە کە بەهۆی سیاسەتی خۆی لەمەڕ تواندنەوەی گەلانی دیکە هێندێک خاڵ و مادەکانی لەو بوارەدا واژۆ نەکردوە و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بە بۆچوونی ئەو دەوڵەتە، قەبووڵ کردنی ئەو خاڵانە دەتوانێ ڕێگا خۆشکەری پەروەدە بە زمانی کوردی بێ.

تورکیە بەرئەندامی یەکێتی ئوروپایە و وتووێژەکان بۆئەندامەتی بەردەوامە. دەوڵەتیک کە خۆی لە ئوروپا نزیک کردۆتەوە و دەیهەوێ ببێ بە بەشیک لە ئوروپا، کەچی بە داخەوە ئەویش پەروەردە بە زمانی زگماکی بە دژی یەکێتی و یەک پارچەیی وڵات دزانن. بە ڕاستی مرۆڤ لەو سەردەمەدا و لە سەدەی بیست و یەکەمدا سەری لە سیاسەت و عەقلییەتی تورکیە سووڕ دەمێنێ. ئێمە لە یەکێتی ئوروپا داوادەکەین بە شێوەیەکی جیدی و لێبڕاوانە لەسەر پرسی پەروەردە بە زمانی کوردی پێداگری بکا.

لە ئوروپا و گەلێک وڵاتی دیکە، دەوڵەت بەرچاو دەکەون کە تێیاندا چەند زماننی فەرمی هەیە و لە قوتابخانەکاندا وەک وانە دەگوترێنەوە. لە وڵاتانی وەک کانادا، سویس، ئیسپانیا، هیندوستان، ئێراق، رووسیە و گەلێک ولاتی دیکە چەندین زمانی ڕەسمی و زمانی پەروەردە هەیە.

لە دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیە هەتا ئێستا، کورد بێ پسانەوە پارێزگاری لە مافی نەتەوایەتی زمانی خۆی کردوە و لە هەمووو ئیمکان و دەرفەتێک کەڵکی وەرگرتوە بۆ ئەوەی زمانی خۆی >>>> بەکار بێنێ و پەرەی پێ بدا.

شک لەوەدا نییە کە بۆ خەباتی کولتووری و ئەدەبی پێویستیمان بە پەروەردە کردن بە زمانی زگماکی و دەزگای زمانەوانی پاراستنی زمان هەیە. ئێمە دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە لە سەردەمی ئێمەدا ئەگەر دەوڵەت و دەزگاکانی پەروەردەیی مافی ئەو زمانانە نەپارێزن هیچ زمانێک ناتوانی لە بەرانبەر شەپۆلی زمانی دیکەدا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ خۆ بپارێزێ. بۆیە ئێمەی کورد دەبێ لەسەر داخوازی خۆمان پێ داگرین و دەوڵەت ناچار بکەین کە مافی پەروەردەیی بە زمانی زگماکی قەبووڵ بکا.

بۆ وەدەست هێنانی مافی پەوروەردەیی بە زمانی زگماکی پێویستیمان بە پشتگیری و خەباتێکی لێبڕاوانەی هەمەلایەنە لە دەرەوە و ناوەخۆی ولات هەیە. دەبێ هەموو رێکخستنەکانی نەتەوەیی و دێمۆکراسیخواز و کولتووری کورد بە خەبات و هەوڵدان و چالاکی جۆراجۆر ئەو خەباتە بەهێزتر و دەوڵەمەندتر بکەن.

فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید
کۆمەڵەی نووسەرانی کورد لە سوید
پەرتوکخانەی کوردی لەستۆکهۆڵم
2011-09-08

**پاشماوەی جارنامە**

ئاشتخواز و لایەنگری پێکەوە ژیانی ئاشتی خوازانەیە، بە ورد بوونەوەیەک لە سیاسەتی دەسەڵاتی ناوەندی بەرانبەر بە کورد بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو دەسەڵاتەش بە نەگەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوکان و هێنانی هەزاران بنەماڵەی عەرەب بۆ ئەو مەڵبەندانە، هەر سیاسەتی ڕێژیمەکانی پێشتر ڕەچاو دەکا و هەوڵ دەدا دێمۆگرافی ئەو ناوچانە بگۆڕێ. بە کورتی دەتوانین بڵێین کە هێشتا داهاتووی کورد وەک گەورەترین نەتەوەی بێ وڵات لە جیهاندا زۆر ڕوون نییە.

ئەو پەسیارە کە پارێزەران و لایەنگرانی جاڕی گەردونی مافی مرۆڤ تا کەنگێ لە ئاست ئەو هەمووە زوڵم و زۆرییەی کە دەرحەق بەکورد دەکرێ بێ دەنگ دەمێننەوە، تا ئێستا بێ وڵام ماوەتەوە. هەر بۆیە کورد ئێستاش حەقی خۆیەتی کە بڵێ، تەنیا شاخ و بەندەنەکانی کوردستان دۆست و پشتیوانمانن.

www.arsivakurdi.org

## پاشماوەی جاری گەردونی

گەرچی لەو ساڵانەی دواییدا ئەو زەبروزەنگە لەسەر کورد کەم کراوەتەوە و کورد بۆی هەیە بەزمانی زگماکی خۆی قسە بکا و تلویزیۆنیش بەزمانی کوردی دامەزراوە، بەڵام تائێستا یاسای بنەڕەتی ئەو وڵاتە لەمەڕ پرسی کورد ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەهاتوە. هەربۆیە ناکرێ زۆر دڵ بەو هەنگاوانە خۆش بکەین و پێمان وابێ مەترسییەکان لەسەر ڕێگای بە ئامانج گەیشتنی کورد کۆتاییان پێهاتوە.

کورد لە وڵاتی سورییە بە درێژایی تەمەنی خۆی لەو وڵاتەدا بە نالەبارترین شێوە هەڵسوکەوتی دەگەڵ کراوە. دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە نەک تەنیا بەشێوەیەکی بێبەزەییانە بەڕێگای کۆچی زۆرەملی بە گوندنشینەکانی کوردستان و نیشتەجێ کردنی عەرەبەکان لەو گوندانەدا دێمۆگرافی ئەو بەشە لە کوردستانیان گۆڕیوە و ناوچە کورد نشینەکانیان لێک دابڕیوە، بەڵکو مافی هاووڵاتی بوونیشیان لە کورد ئەستاندۆتەوە و ئازادیخوازانی کورد بە شێوەیەکی بێبەزەییانە سەرکوت دەکرێن.

ئەگەر بە مێژووی کورد لە باشووری کوردستاندا بچینەوە بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە هەر دوابەدوای لکاندنی ئەو بەشەی کوردستان بە ئێراقەوە نەتەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان کەوتۆتە بەر درندانەترین هێرشی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە. بە دەیان جار لە ناوچە جۆراجۆرەکان قەڵاچۆ کراوە، بە هەزاران گوندی وێران کراوە، بە بەرچاوی کۆمەڵگای جیهانێوە چەکی کۆمەڵکوژی کیمیایی لە دژی بەکار هێندراوەو و سەرباقی هەموو ئەوانەش سەدان هەزار کەسی ئەنفاڵ کراوە و بە دەیان هەزار کەسیشی لە چاڵەڕەشەکانی دەسەڵاتدارانی سەرەڕۆی یەک لە دوای یەکی ئێراقدا لە ژێر ئەشکەنجە و ئازار گیانیان لەدەست داوە. بەو حاڵەش ئێستا کە لە سایەی ئەو خەباتە خوێناوییەوە، پاش ڕووخانی ڕێژیمی بەعس کورد بە بەشێکی زۆر کەم لە مافەکانی خۆی گەیشتوە و هەر بەو دەستکەوتە کەمەشەوە بە کۆمەڵگای جیهانی نیشان داوە کە نەتەوەیەکی بۆ لاپەڕەی 9

## جینایەتێکی دیکە دەرحەق بە کورد

بە گوێرەی هەواڵی هەواڵنێرەکان ڕۆژی پێنجشەمە ڕێکەوتی 2011-12-28 فرۆکە شەڕکەرەکانی ئەرتەشی تورکییە هێرشیان کردۆتە سەر ناوچەکانی سەرسنووری باکوری کورستان لە دەوەری شڕناخ و لە ئاکامی ئەو هێرشەدا پەنجا کەس بوونەتە قوربانی و گیانیان لەدەست داوە.

بەگوێرەی ئەو هەواڵانەی کە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاو کراونەتەوە ئەو خەڵکەی کە کەوتوونەتە بەر ئەو هێرشە سامناکە خەڵکی هەژار و لێقەوماوی ئەو سنوورانەن کە بۆ وەدەست هێنانی بژێوی ماڵ و منداڵی خۆیان لەو ناوچە شاخاویانەدا بەشێوەی قاچاخ تیجارەتی کەلوپەلی خواردن دەکەن و بەو جۆرە ژیانی نەمرنەژی خۆیان درێژە پێ دەدەن.

ئەو کارەساتە سامناکە کە پەردە لەسەر دیمەنی پڕ لە دوژمنکاری ڕێژیمی تورکییە بەرانبەر بە نەتەوەی کورد وەلا دەنێ. لە حاڵێکدا ڕوو دەدا کە بە ڕواڵەت دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە باس لە چارەسەری پرسی کورد بە ڕێگای ئاشتیخوازانەدا دەکەن.

دەسەڵاتدارانی تورکییە بۆ خۆشیان باش دەزانن کە بەدرێژایی مێژوو، بە هۆی سیاسەتی نالەباری ئابووری ئەو وڵاتە، خەڵکی هەژار و بێ دەرەتانی ئەو ناوچە شاخاویانە بژێوی ماڵ و منداڵی خۆیان تەنیا لە ڕێگای ئەو شێوە بازەرگانیەوە دابین کردوە و گیانی خۆیان خستۆتە مەترسییەوە. هەر بۆیە ئەو جینایەتە هیچ پاساوێکی بۆ ناکرێ

فیدراسیۆنی کومەڵە کوردستانییەکان لە وڵاتی سوید ئەو کارەساتە خوێناوییە بەتوندی شەرمەزار دەکاو لە هەمان کاتیشدا داوا لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و هەموو ڕیکخراوە مرۆڤ دۆستەکان دەکا لەوە زیادتر لە ئاست ئەو جینایەتانە بێدەنگ نەبن.

فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید

2011-12-29

www.arsivakurdi.org

## پاشماوەی جاڕی گەردونی

بوارێکدا داکۆکی لە مافی مرۆڤ دەکا. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا باس لەوە کرا کە ئەم ڕاگەیەنراوە دەبێ لە جیهاندا بەڵاو بکرێتەوەو ببێتە بنەمایەک بۆ ئەوەی کەس و لایەنێک دەست درێژی نەکەنە سەر خەڵکانی تر یان بە جۆرێک مرۆڤ ببێتە کەرەستەی دەستی کەسانی تر. ئەم جاڕنامەی مافی مرۆڤە وەرگێڕاوەتەوە سەر ٣٦٠ زمانی جیهان و ڕکۆردی ئەوەی شکاندووە کە یەکەم بەیانیەیە کە لە جیهاندا وەرگێڕاوەتە سەر ئەو هەموو زمانانە. ئەم جاڕنامەیە لە ٣٠ خاڵ پێکهاتووە.

ئەگەرچی بەشی زۆری وڵاتانی جیهان ئەم جاڕنامەیان واژۆ کردوە، بەڵام ئێستاش زۆرن ئەو وڵاتانەی کە تاکوو ئێستا، کە کۆمەڵگای جیهانی پێی ناوەتە سەدەی بیستویەکەمەوە نەتەنیا بە کردەوە ناوەرۆکی ئەو جاڕنامەیان جێبەجێ نەکردوە، بەڵکو بەتوندی و بە شێوەیەکی سامناک پێشلی دەکەن. بێگومان شیکردنەوەیەکی زانستیانە لەسەر چۆنیەتی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە هەموو ئەو وڵاتانەدا لە وتارێکی کورتی ڕۆژنامەوانیدا جێگای نابێتەوە و جیا لەوەش لە مەبەستی سەرەکی باسەکە دوورمان دەخاتەوە. هەربۆیە ئێمە باسەکەمان لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا دێنینە گۆڕێ کە بە شێوەیەکی دوور لە دادوەری کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە.

پێشێل کردنی مافی مرۆف لە ئێران، وڵاتێک کە ئەو جاڕنامەیەی واژۆ کردوە مێژوویەکی پڕ لە کارەساتی هەیە. هەر لە سەردەمی ئیمپڕاتۆری سەفەوییەکانڕا بگرە تا دەگاتە دەردەمی بنەماڵەی پەهلەوی و تەنانەت سەردەمی ئێستاشدا مافی مرۆڤ نەک تەنیا بەرانبەر بە تاک، بەڵکوو بەرانبەر بە نەتەوەکانی ناو ئەم وڵاتە بە نالەبارترین شێوە بە بەرچاوی کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە پێشێل دەکرێ. ئەگەر رەزاشا بە پەیرەوی کردن لە بیری فاشیستی هەوڵی ئەوەی دەدا بەرێگای تواندنەوەی نەتەوەکانی نیشتەجێ لەو وڵاتەدا هەستی نەتەوەیی بنەبڕ بکا و بۆ ئەو مەبەستەش زمانی فارسی کردە زمانی فەرمی >>>

ئەمڕۆکە کۆماری ئیسلامی ئێران دەیهەوێ بە دامەزراندنی ئیمپراتورێکی جیهانی ئیسلامی لەسەر شێوازی مەزهەبی شیعە هەموو بیر و بۆچونەکانی پێشکەوتنخوازانە بەربەست بکا. لەو بوارەدا دەتوانین ڕاشکاوانە بڵێین ئێستا ئێران بۆتە بەندیخانەیەکی گەورە بۆ ئازادیخوازان. ئەگەر ئەو ڕێژیمە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارێوە نەتەوەی کوردی بە تاوانی داخوازی مافی نەتەوایەتی و مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆی بە شێوەیەکی جینایەتکارانە سەرکوت قەڵاچۆ کرد، ئێستا رۆژ نییە کە ڕووناکبیران و چالاکانی بواری مافی مرۆڤ نەکەونە بەر هێرش و پەلاماری هێزەکانی ئەو رێژیمە و لە ناو بەندیخانەکاندا بە توندترین شێوە ئازار و ئەشکەنجە نەدرێن و تەنانەت رێژەیەکی بەرچاویان ئێعدام نەکرێن.

کاتێک سەیری لاپەڕەکانی مێژووی نەتەوەی کورد لە وڵاتی تورکییەدا دەکەین، دەبینین ئەگەر پێش ڕووخانی ئیمپراتۆری عوسمانی کورد بە شێوازی جۆراجۆر دەچەوساوە و داگیرکەری عوسمانی بەنێوی خەلیفە و نوێنەری پێغەمبەر خۆی بەسەدا سەپاندبوون، دوای ڕۆخانی ئەو ئیمپراتورییە و هاتنە سەرکاری ئەتاتورک و دروست کردنی بەڕواڵەت تورکییەی مۆدێرن، کورد دەگەڵ ڕەشترین رۆژەکانی مێژووی خۆی بەرەوڕوو بۆوە. ئەتاتورک بە بەرز کردنەوەی دروشمی تورکییە وڵاتی تورکانە، حاشای لە بوونی نەتەوەی کورد لەو وڵاتەدا کرد و بۆ سەقامگیر کردنی سیاسەتی شۆڤینیستی خۆی پەنای بۆ هەموو جینایەتێک برد. بەهەزاران بنەماڵەی کوردی لە زێد و نیشتمانی خۆی دەر کرد و بەزۆری ڕەوانەی ناوچە تورک نشینەکانی کردن. ئاخاڤتنی بەزمانی کوردی قەدەغە کرد و کوردی بە تورکی چیا ناودێر کرد. هەر بەوەندەش ڕانەوەستا و لە نێوان ساڵەکانی 1937ـ1938 دا بۆ سەرکوتی ئاخادیخوازان و بزوتنەوەی شێخ سەعید کارەساتی ئەوەندە سامناکی لە دێرسیم خوڵقاند کە بۆ هەتاهەتیە وەک پەڵەیەکی ڕەش بە ناوچاوانی ئەو داگیرکەرانەوە دەمێنێتەوە. بۆ لاپەڕەی 8



www.arsivakurdi.org

# جاڕنامەی مافی مرۆڤ و کورد



حەمید تەیموری

پرسی مافی مرۆڤ بە پێی ڕەوتی مێژوو بەرەوپێش چووەو بێ پسانەوە و ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ گرنگی پێی دەدرێ. هەر لە سەردەمی شارستانییەتی دێرینی یۆنان و ڕۆم لە ڕۆژهەڵاتەوە بگرە تاکوو سەردەمی ڕۆشنبیری و لیبرالیزمی وڵاتانی ڕۆژئاوا و دامەزرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و باقی ڕێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ خەبات بۆ چارەسەری ئەو پرسە درێژەی پێ دراوە. پێداچوونەوەیەک بە لاپەڕەکانی مێژوو، ئەدەبیات و بەسەرهاتی ئەو نووسەرانەی کە لە سەر مافی مرۆڤ شتیان نووسیووەو نرخیان بۆ مرۆڤایەتی داناوە بەرهەڵەستی زڵم و نادادپەروەری و تۆقاندن بوونەتەوە، ئەو ڕاستییەمان زۆرتر بۆ ڕوون دەکاتەوە. دیارە بنەمای بیرۆکەی مافی مرۆڤ لە لایەن جان لۆک (John Lock) فیلسۆفی ئینگلیسیەوە داڕێژراوە و ساڵی ١٦٩٠ لە کتێبێکی بە ناوی "تاقی کردنەوە لە سەر تێگەیشتنی مرۆڤ" Essay "concerning human under straning" بەڵاوی کردەوە. لە کتێبەکەیدا باس " لە سەر بزوتنەوە فیکرییەکانی پێشوو لە سەر ئینسان و بەرپرسایەتی، ئازادی و مافەکانی مۆڵکدارەتی، باسێکی کورت دادەمەزرێ کە لەسەر بیری رووناکبیران، کاریگەر دەبێ". ئەمەش پوختەیەک لە لە کتێبەکەی جان لۆک لە سێ خاڵدا:

ـ یاسا خۆکردەکان بە هۆی هۆشەوە لە ئەزمونی هەستەکانماندا، دەناسرێن و بێ جیاوازی ڕەگەز، ئایین یان ڕەنگ گشت هۆشمەندێک دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ئەم یاسایانە، واتا ئەم یاسایانە خۆ بە خۆ ئازادی بە مرۆڤ دەبەخشن. <<<<

ـ چوونکە گشت بوونەوەرێک، دەسکردی خوایە، مرۆڤ ناتوانێ، ببێتە مڵکی کەسێکی تر. هەر بۆیە کوێلەیی ناڕەوایە و کەس مافی خۆکوشتنی نییە. گیان دەسکردی خوایە، بە ڕاسپاردە بە ئێمەدراوە. بێجگە لەو کەسێکی تر مافی وەرگرتنەوەی ئەم ئەمانەتەی نییە.

ـ هەر کەسە بۆ پاراستنی ژیان و ئازادی لەگەڵ کەسانی دیکە لە ئەرک و ماف دا یەکسانە. واتا بەرامبەر بە خوا و یاساکانی سروشت، وەک یەکن. جیهان بە کۆمەڵگای مرۆڤ بەخشراوە، مڵکی هەموو مرۆڤە. ئەو دەتوانێ بە تێکۆشانی خۆی بەشێک لەم مڵکە، بگۆڕێ و زانستی خۆی بخاتە سەری و بیانکاتە مڵکی خۆی. بەم شێوە شتومەک دەبێتە دوا مڵکیەتیی مرۆڤ. کرێکار لە کارگە دوور بخرێتەوە، نەک هەر لە شتی خۆی بێ بەش دەکرێ بەڵکو لە خۆشی کە خاوەنی خۆیەتی، بێ بەش دەکرێ.

جاڕنامەی مافی مرۆڤ لە ١٠ی دیسامبری ساڵی ١٩٤٨ پێکەوە لەگەڵ بڕیارنامەی ٢١٧ لە لایەن کۆبوونەوەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەند کرا. لە کۆی ٥٦ وڵاتی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ٤٨ دەنگی ئەرێنی و ٨ دەنگی بێ لایەن و بە بێ دەنگی نەرێنی، لە لایەن دەوڵەتانی ئەندام پەسەند کرا. ئەم بڕیارە لە هەموو بۆ لاپەڕەی 7

www.arsivakurd.org

دەقی وتاری سکرتێری فیدراسیۆن لە بیرەوەری نۆزدەهەمین ساڵڕۆژی تیرۆری شەهید دوکتۆر سادق شەرەفکەندیدا.



بەڕێزان : کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
میوانە بەڕێزەکان ، ئامادەبوانی خۆشەویست

بەدرێژایی مێژوو کورد لەلایەن دوژمنانەوە دووچاری تیرۆری هزری و بەدەنی بووە و بەپێچەوانەشەوە هیچ شۆڕشێکی کورد پەنای بۆ ئەو دیاردە دزێوە نەبردووە و هیچ کاتێکیش بڕوای بەتوند و تیژی نەبووە، هەرکاتێکیش دوژمنان بەنیازی لەناوبردنی گەلەکەمان و وێرانکردنی کوردستان شەڕی پێ فرۆشتبین، ئەوە ناچاربووینە کە بەدڵ و گیان بەرگری لەخاك و نەتەوەکەمان بکەین و شانازیشی پێوە دەکەین.
بەڕێزان : ١٩ ساڵ بەر لەئەمڕۆ سەرکردەیەکی کورد و سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران شەهید دکتۆر سادقی شەرەفکەندی وهاوڕێکانی بەدەستی دوژمنانی گەلەکەمان تیرۆر کرا، ئەوان وایان دەزانی بە تیرۆرکردنی ئەو سەرکردانە کۆتایی بەشۆڕشەکانی کورد دەهێنن، بەڵام بەپێچەوانەوە وورەی کورد بەهێزتر بووە و زیاتر لەسەر مافەکانی خۆی سوور بووە، جا هەر بەم بۆنەیەوە سەرەڕای نیگەرانیمان ئەوە بەتوندی ئەو کردەوە ڕیسوا و شەرمەزار دەکەین.
بەڕێزان: ئەمڕۆ کوردستان بە بارودۆخ و هەلومەرجێکی زۆر دژوار و ناسکدا تێدەپەڕێ، ئەوەتا ڕۆژ نییە تۆپخانەکانی ئێران و فرۆکەکانی تورکیا باشووری کوردستان تۆپ باران نەکەن، لەباکووردا هەر ڕۆژەی بەبیانویەک دەیانەوێت گەلەکەمان لەمافەکانی بێبەش بکەن، هەر لێرەشدا پشتگیریەکی تەواوی کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دەکەین بۆ وەدی هێنانی مافەکانیان.
<<<<<

ئێمە وەک فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان هەمیشە بە بیرێکی نەتەوەییانە هەڵوێستی خۆمان بەرامبەر بە گۆڕانکاریەکانی کوردستان دەربڕیوە و هەردەم لەگەڵ ماف و داخوازیەکانی گەلەکەمانین لەهەر چوارپارچەی کوردستان.
دووبارە بەناوی فیدراسیۆنەوە تیرۆر بەهەموو شێوازێکیەوە شەرمەزار دەکەین و پشتیوانی خۆشمان بۆ گەلەکەمان لەڕۆژهەڵاتی کوردستان دەردەبڕین.
نەمری بۆ شەهیدانی کورد وکوردستان
بژی کورد ، بژی کوردستان
فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان
سوید
2011-09-17

## پرسەنامە

**بەڕیز سەرۆکی هەرێمی کوردستان**
**بەڕێزان بنەماڵەی سەرکردەی نەمر مستەفا بارزانی**

لە ڕیگای ڕاگەیەندراوی مەکتەبی سیاسی پارتی دیمۆکراتی کوردستان ئاگادار بووینەوە کە بەداخێکی گرانەوە ڕێکەوتی **2011-07-27** حمایڵ خان هاوسەری سەرکردەی مەزنی گەلەکەمان مستەفا بارزانی و دایکی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێزدار مەسعود بارزانی کۆچی دوایی کردوە. لە هیچ کەس شاراوە نییە کە ئەو دایکە خۆشەویستە و شێرە ژنە بوێرە بەدرێژایی تەمەنی پڕ لە خەباتی خۆی دەگەڵ ئێش و ئازاری نەتەوەکەی ژیاوە و بەشداری هەموو تاڵی و سوێرەکانی ڕۆژانی سەختی خەباتی شاخ و پێشمەرگایەتی و یاری وەفاداری بارزانی نەمر بوە.
بەم بۆنەوە فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان لە ناخی دڵەوە پرسەو سەرەخۆشی خۆی پێشکەش بە ئێوەی بەڕێز و هەموو ئەویندارانی بارزانی نەمر دەکا. هیوادارین جێگای بەهەشتی بەرین بێ.

فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان ـــ سوید
2011-07-27

www.arshivakurdi.org

## پەیامی فیدراسیۆن بە بۆنەی ساڵوەگەری ڕۆژی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو



بەڕێزان ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران
ڕێزداران ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران
بەڕێزان نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوەکان
بەشدارانی هێژا

فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە 22هەمین ساڵوەگەڕی شەهید بوونی دوکتور قاسملووی نەمردا لە بەرانبەر ڕوحی پاکی ئەو گەورە پیاوەدا سەری ڕیز و نەوازش دادەنوێنێ.

دوکتور قاسملوو سیاسەتمەدارێکی زانا، ڕوناکبێر و ڕێبەرێکی تێکۆشەر بوو. هەر بۆیەش دوژمن لەناو بردنی وی کردبوە ئامانجی خۆی. دوکتور قاسملوو بە دەستی تڕۆریستانی ڕێژیمی ئێران و نێودەوڵەتی شەهید کرا. بە شەهید بوونی دوکتور قاسملوو گەلی کورد بە گشتی و کوردی ڕۆژهەلات بەتایبەتی سیاسەتمەدارێکی مەزن و ڕیبەرێکی گەورەی لەدەست دا.

ئەمڕۆ دەبینین ئاوات و ئامانجەکانی دوکتور قاسملوو لە باشووری ولات وەدی هاتوە و ئەو بەشەی ولاتەکەمان بۆتە خاوەن پارلمان و حکومەتی خۆی. ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کە ڕۆژهەلاتیش بۆ گەیشتن بەو ئاواتە زۆری نەماوە. لە جیهانی ئەمڕۆدا هیچ هێزێک ناتوانێ پێش بە شنەبای ئازادی بگرێ. ستەمکاری و شەهید کردنی ڕێبەران و لەسێدارە دانی لاوانی کورد و کۆنەپەرستی بۆ هاتاهەتایە بەردەوام نابێ. گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بۆ وێنە لە سوریە و میسر و ئۆردۆن، گیانبەختانە دەرژێنە شەقامەکان. بەواتایەکی دیکە چیدی ملکەچی دیکتاتۆرەکان نابن. هەر ئەو ڕەوتە درەنگ یان زوو ئێرانیش دەگرێتەوە. درەنگ و زوویی ئەوەش >>>

بەستراوەتەوە بە یەک دەنگی و یەک هەڵوێستی کورد و ڕێکخراوەکانی کوردستانی.

ئێمە وەک فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە ولاتی سوید لە پێناو یەکێتی و دەستەبەر کردنی ئازادی بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان پشتیوانیتان لێ دەکەین.

ئێمە هەردەم بەڕێزەوە یادی شەهید قاسملوو دەکەین.

شەهیدان نامرن
بژی کورد و کوردستان
سەرۆکی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید
شەرمین بۆئەرسلان
2011-07-16

## ڕاگەیەندراوی هاوبەش

مندالەکان داهاتوی ئێمەن، بەلام ناهێڵن وەک کورد بمێننەوە

لەو سەردەمەدا کە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە بوارێکی مەزن و هەستیاردا تێپەر دەبێ و نەخشەی سیاسی ئەو هەرێمە بە بوارێکی نوێدا دادەرێژرێتەوە، نەتەوەی کورد جیا لەو بەشەی کە لە باکوری کوردستاندا دەژین لە هەموو مافەکانی نەتەوەیی و دێمۆکراتی و کولتووری خۆی بێبەشە. ئەوە کارەساتێکی گەورەیە و شەرمەزارییەکە کە دەگەڵ دنیای شارستانییەت ئەم سەردەمە ناگونجێ. وەک هەموو نەتەوەیەک کوردیش ئەو مافە نەتەوایەتییەی هەیە کە بۆخۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکا و لەسەر ئەرزی ولاتی خۆی بە زمان و بە گوێرەی کولتوری خۆی مندالەکانی پەروەردە بکا. هیچ ولاتێک و هیچ ڕێکخستن و هیچ کەسێک بۆی نییە کە ئەو مافە بنەڕەتی و ڕەوایە لە کورد زەوت بکا.

هەروەک لای هەمووان ئاشکرایە کە نەتەوەی کورد لە باکوری ولاتی خۆی لە مافی پەروەردە بە زمانی زگماکی خۆی بێ بەشە. ماوەیەکی زۆر دوور و درێژە کە زمانی کوردی بە گوێرەی یاسای تورکیە قەدەغە کرابوو و کوردەکان سەبارەت بەو کارە گەلێک ئێش و ئازاریان چێشتووە. بۆ لاپەڕەی 9

www.arsivakurdi.org

## پاشماوەی کۆنفرانسی کوردستان

دەبێ ببێتە زمانی فەرمی خوێندن.
لەو شوێنانە کە زۆرینەی دانیشتوانی کومەڵگایەکە کوردن، دەبێ لە قوتابخانە و زانکۆ و ئیدارەکان و مێدیاکاندا زمانی کوردی زمانی یەکەم بێ.
کورد دەبێ لە هەرێمی خۆیدا خاوەن دەسەڵات بێ.
لە شوێنەکانی دیکەدا زمانی کوردی لە پەنای زمانەکانی دیکەدا حیسابی لەسەر بکرێ و بۆ زاراوەکانی دیکەی کوردی ئەو پرینسیپە ڕەچاو بکرێ.
هەروەها ئەو پرینسیپە بۆ هەموو ئەو زمانانەی کە لە تورکییە قسەی پێدەکرێ بەڕێوە بچێ.

پێویستە داواکار بن لەسەر ناوی کورد و کوردستان پارت و رێکخستنەکان دابمەزرێندرێن.

پێویستە هەموو ئەو شارۆمەند و خەڵکانەی لە بەندیخانەکاندا بەند کراون ئازاد بکرێن.

یارمەتی ئابووری پێویست بۆ بازێڕ و گوندەکانی کوردنشین تەرخان بکرێ و چوار چێوەیەکی باش و گونجاو دیاری بکرێ و کارگە و شوێنی پیشەسازی دابین بکرێ. ئیمکاناتی خوێندن بۆ منداڵ و گەنجەکان زیدەتر بکرێ.

ئەو گوندانەی سووتێندراون یان وێران کراون دەبێ ئاوەدان بکرێنەوە و خانوو بۆ خەڵکی ئەو گوندانە دروست بکرێتەوە و پارێزگاریان لێ بکرێ. کوردە کۆچبەرەکان مافی ئەوەیان پێ بدرێ بگەڕێنەوە سەر زێد و گوندەکانی خۆیان.

ناوی گوند و بازێڕەکان دەبێ وەک پێشوو کوردی بن. پەڕتوکی وانەکانی قوتابخانەکان کە لەسەر بناخەێ حاشا کردن لە بوونی کورد نوسراون دەبێ گۆڕانکارییان بەسەردابێ.

ئەو کەسانەی کە نایانهەوێ بچن بۆ سەربازی نابێ زۆریان لێ بکرێ.
لەو شوێنانەی کە کورد زۆرینەیە، دەبێ <<<<

بەڕێوە بردنی هەرێم بەدەست کوردەوە بێ.
ئێمە حەز دەکەین لە پێناو بەرژەوەندی نەتەوەکەمان کورد یەکگرتوو بێ و لە درێژخایەندا چارەنووسی خۆی بە ڕێگای ڕاپرسیدا دیاری بکا.

ڕەوشی کورد لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای وڵاتەکەمان ڕەوشێکی دژوارە. ڕاوودونان و ئەشکەنجە و لەسێدارە دان ڕۆژانە بەردەوامە. ئێمە دەمانهەوێ بۆ چارەسەر کردنی پرسی کورد لەو بەشانەی وڵاتەکەماندا تواناکانمان وەگەڕ بخەین.

هەرێمی باشوری کوردستان هیوا و هۆمێدی گەورەی ئێمەیە و پێویستە هەموو کوردێک بۆ پاراستن و بەرەوپێش بردنی کوردستانی ئازاد خۆی بە بەرپرسیار بزانێ. ئێمە هەمووومان ئەو هەرێمە بەماڵی خۆمان و سەرچاوی گوڕ و تینی خۆمانی دەزانی.

بەبێ چارەسەری پرسی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان ناتوانین بڵێین پرسی کورد بە یەکجاری چارەسەر کراوە.

زۆرسوپاس
شەرمین بۆزئەرسلان سەرۆکی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید.

## پاشماوەی سەروتار

لە هەموو دڵسۆزان و ئەویندارانی سەربەستی و ئازادی نەتەوەکەمان دەکەین کە بەتوندی و چاوێکی کراوەتر سەیری دوارۆژی کوردستان بکەن و پێش بەو دەستانە بگرن کە بێ پسانەوە خەریکی تێگدانی ئاسایشی کوردستانن و دەیانهەوێ دیمەنی مرۆڤ دۆستانە و مێژووی پڕ لە سەروەری کورد خەوشەدار بکەن

کوردستان دەبێ وەک ڕابردو بەدایم مەکۆی ئازادی و پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانە بێ و ڕەمزی سەرکەوتنی خەباتەکەشمان هەر لەوەدایە.

www.arsivakurdi.org

## پاشماوەی سەروتار

گوندەکانی سەرسنووری هەرێمی کوردستانیان تۆپ باران و بۆردمان کرد. نەک تەنیا هەر ئەوە بەڵکو دەسەڵاتدارانی حکومەتی ناوەندیش بە پێشێل کردنی هەموو ڕێککەوتن و پەیمان نامەکان و تەنانەت یاسای بنەڕەتیش ئەوەندەی بۆیان کراوە کۆسپیان خستۆتە سەر ڕێگای گەشە کردن و پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان و تا ئێستاش بەشێکی زۆر لە مادەکانی یاسای بنەڕەتی جێبەجێ نەکراوە.

سەرەڕای هەموو ئەو کەند و کۆسپانە ئیرادەی نەتەوەکەمان بەسەر هەموو ئەو پیلانانەدا زاڵ بووە. ڕەوتی سیاسی و ئابووری بە ڕادەیەک بەرەو پێش دەچێ کە نەتەنیا هەر لە ئاستی ناوچەیی، بەڵکو لە ئاستی ناونەتەوەییشدا سرنجی هەموو وڵاتانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.

جیا لە هەمووی ئەوانە کە باس کرا هەرێمی کوردستان دەگەڵ ئەوەی کە کۆمەڵگایەکی فرەنەتەوەییە بۆتە مەکۆی ئازادی و دێمۆکراسی و پێکەوە ژیانێ ئاشتیخوازانەی هەموو کەمە ئایینی و نەتەوەییەکان. هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە نەیارانی کورد و دەسەڵاتدارانی داگیرکەری کوردستان بۆ شێواندنی ئەو کۆمەڵگایە شەو و ڕۆژ خەریکی پیلان گێران بن.

یەکێک لەوە پیلانە پرمەترسی و سامناکانە ڕووداوەکانی دەوەری زاخۆ بوو کە هێندێ کەس بە کەڵکی خراپ وەرگرتن لە هەستی ئایینی کۆمەڵێک لە خەڵکی ئەو دەوەرە ڕۆژی 2-12-2011 دستیان کرد بە سوتاندنی سوێنە گەشتوگوزارییەکان و لە بەرانبەر ئەوەش دا کۆمەڵێک خەڵکی دیکە بۆ تۆڵە ئەستاندنەوەی ئەو کارە و بێخەبەر لەوە کە دەستی ناحەزانی کوردستان لە پشت ئەو کێشەیە، دەستیان کرد بە سوتاندنی بنکە و بارەگاکانی کۆمەڵێک لە حیزبەکان.

ئەو کارە نەتەنیا دەگەڵ هیچ دیاردەیەکی شارستانییەت و پێشکەوتنجوازی یەک ناگرێتەوە. دژی ئامانج و ستراتێژی بەرزی نەتەوەکەمانە و دەستکەوتەکانی خەباتی بێوچانی نەتەوەکشمان دەخاتە مەترسیەوە.

ئێمە وەک فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە کاتێکدا ئەو شێوە توندوتیژیانە بە توندی مەحکوم دەکەین، لە هامان کاتیشدا داوا بۆ لاپەڕەی 3

## وتاری سەرۆکی فیدراسیۆن لە کۆنفرانسی کوردستان لە دیاربەکر



بەشدارانی هێژا!

بە ناوی خۆم و بە ناوی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە وڵاتی سوید سڵاوی گرمی خۆم و سەرجەم ئەندامانی فیدراسیۆن پێشکەش بە ئێوەی بەڕێز دەکەم. بە باوەڕی ئێمە پێک هێنانی کۆنفرانسی چارەسەری پرسی کورد هەنگاوێکە بەرەو سەرکەوتن.

هەواڵانی بەڕێز

زۆر گرینگە کە پرسی کورد بە ئارامی، بە ئازادی و بەربڵاوی باسی لەسەر بکرێ. پێویستە خەڵک بۆ کۆمەڵگایەکی فرە زمانی، فرە کولتوری و فرە نەتەوەیی پەروەردە و ئامادە بکرێ. حکومەت دەبێ دەگەڵ کورد بکەوێتە وتوویژ و دیالۆگ.

پێویستە دیاردەی چەک کۆتایی پێبهێندرێ، هێرشی چەکداری و زەبر و زەنگ نەمێنێ. هێز و تاقمە تایبەتی و نهێنییەکان واتە هێزەکانی پارێزەری گوندەکان هەڵوەشێنەوە و هیچ مەرجێک بۆ شەر دانەندرێ. ئەو تاوانبارانەی کە بە هەزاران کوردی سویلیان بێ سەروشوین کردوە سەزا بدرێن. ئەو کەسانەی کە کەسوکاریان بەدەستی هێزەکانی دەوڵەت کوژراون زەرەر و زیانەکانیان قەرەبوو بکرێتەوە.

حکومەتی تورکیە دەبێ سەبارەت بە 89 ساڵ هەوڵی تواندنەوە و حاشا کردن لە بوونی کورد و قەدەغە کردنی زمانی کوردی داوای لێبووردن بکا.

لە یاسای بنەڕەتی دا پێویستە گۆڕانکارێکی بنەڕەتی بکرێ و ئەو ڕاستییە کە ئەو کۆمەڵگایە کۆمەڵگایەکی فرەنەتەوەیی و فرە کولتووری و فرە زمانییە، تێیدا بگونجێ.

لەو یاسا بنەڕەتییە نوێیەدا ناسنامەی کورد دەبێ بگونجێ و هەموو ماف و ئازادییەکانی کورد بە فەرمی بناسرێ و زمانی کوردی بۆ لاپەڕەی 3

www.arsivakurdi.org

## سەروتار

### کورد و ئاوڕدانەوەیەک لە ڕووداوەکانی ساڵی 2011

ڕوداوەکانی ساڵێ 2011ی زایینی بە گشتی لە ئاستی نێونەتەوەیی و مێژووی نەتەوەی کورد دا جێگای تایبەت بەخۆیان هەیە و شک لەوەشدا نییە هەروەک چۆن هەلومەرجی ئێستای نەتەوەکەمان بەرهەمی ڕووداوەکانی ڕابردوون، ئاکامی ئەو ڕووداوانەی ئێستاش کارتێکەری خۆیان لەسەر چارەنووسی نەوەکانی داهاتوومان دەبێ و بەرپرسایەتییەکەشی ڕاستەوخۆ دەکەوێتە سەرشانی هەموومان.

بەچاوخشاندنێکی سەرەکی بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکاندا دەبینین کە لە ماوەی ئەم ساڵەدا لە چەندین وڵاتی جۆراجۆر کۆمەڵانی خەڵکی وەزاڵە هاتوو لە دەستی دیکتاتۆرەکان ڕژانە سەر شەقامەکان و کۆتاییان بە تەمەنی دیکتاتۆرەکانی وڵاتی خۆیان هێنا و لە پێناو ئازادی و دێمۆکراسیدا بە سەدان و بگرە هەزاران ڕۆڵەی تێکۆشەر و ئازادیخواز گیانی خۆیان فیدای ڕزگاری و بەختەوەری خەڵکی وڵاتەکەی خۆیان کرد.

ئەگەرچی ئاکام و دەستکەوتەکانی ئەو ڕاپەڕینانە لە سەردەمی بەجیهانی بووندا کارتێکەری خۆیان لەسەر ڕەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستانیشدا دەبێ، بەڵام ئەگەر بە وردی بچینە ناو باسی هۆکار و ئاکامەکانی ئەو ڕاپەڕینانە، لە لایەک کات و ساتێکی زۆر هەڵدەگرێ و لە وتارێکی ڕۆژنامەوانیدا ناگونجێ و لە لایەکی دیکەشەوە لە مەبەستی سەرەکی وتارەکە دوور دەکەوینەوە. هەر بۆیە ئەو باسە دەهێڵینەوە بۆ خەڵکی ئەو وڵاتانە و دچینە سەر باسی ئەو هەلومەرجەی کە بۆ کوردستان هاتۆتە پێشێ.

لای هیچ کەس شاراوە نییە کە نەتەوەی کورد وەک یەکێک لە کۆنترین نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە درێژایی مێژوو بۆ وەدەست هێنانی مافە ڕەواکانی خۆی خەباتی کردوە و لەو خەباتەشدا قوربانێکی زۆری پێشکەش بە بارەگای ئازادی سەربەستی خۆی کردوە. لەو بوارەدا دەتوانین ڕاشکاوانە بڵێین کە هیچ نەتەوەیەک بەقەد کورد لەو ڕێبازەدا قوربانی نەداوە. >>>>

ئەگەر بە لاپەڕەکانی مێژووی خوێناوی نەتەوەکەماندا بچینەوە، دەبینین کە هەر لە سەردەمی دەسەڵاتی سەفەوییەکانەوە بگرە تا دەگاتە سەردەمی عوسمانییەکان و پاشانیش ساڵانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و تەنانەت لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمیش کەم دەسەڵاتداری داگیرکەری کوردستان دێنە بەرچاو کە بەشێوەیەک کوردی قەڵاچۆ نەکردبێ و بۆ تواندنەوەی پیلانی دانەڕشتبێ.

کام هەست و بیری مرۆڤایەتی دەتوانێ کارەساتی هەڵەبجە ئەویش لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا و بە بەرچاوی کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە لە بیر بەرێتەوە.

کارەساتی ئەنفال و بێسەروشوێن کردنی دەیان هەزار کورد و کاول کردنی هەزاران گوندی باشووری کوردستان وەک پەڵەیەکی ڕەش بۆ هەتاهەتایە بە ناوچاوانی ڕێژیمی بەعسەوە دەمێنێتەوە.

کارەساتی کۆمەڵکوژی خەڵکی بێ دەرەتانی دێرسیم لە نێوان ساڵەکانی 1937 ـ 1938 وەک یەکێک لە لاپەڕەکانی ڕەشی مێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە بیر و مێشکی هەموو مرۆڤ دۆستەکاندا دەمێنێتەوە.

ئەگەر بە وردی لە دیرۆکی ئەو بەسەرهاتە تاڵانە بکۆڵینەوە بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە بەشیکی بەرچاو لە هۆکاری سەرکەوتنی پیلانەکانی داگیرکەرانی کوردستان نەبوونی یەکڕیزی و هاودەنگی ناو ماڵی کورد بووە. زۆر جاریش ئەو دیاردە تاڵە دووپات بۆتەوەو پەندی لێ وەرنەگیراوە.

بەو حاڵەش هەرچۆنێک بێ لە ئاکامی ئەو خەباتە خوێناویانەدا دوای ڕووخانی دەسەڵاتی ڕەشی بەعس، کورد لە باشووری کوردستان بە بەشێکی زۆر کەم لە داخوازە ڕەواکانی خۆی گەیشت و بە هەڵبژاردنێکی دێمۆکراتی پاڕلمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانی دامەزراند.

بە ئاوڕدانەوەیەک بەسەر ڕەوتی بڕێوەبردنی ئەو حکومەتە ساوایەدا، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو دەسەڵاتە دەگەڵ ئەوەی کوردستانێکی خاپوور کراوی لە دەسەڵاتی بەعسەوە بۆی بەمیرات بەجێ مابۆو، داگیرکەرانی کوردستانیش لە هەموو لایەکەوە بۆ لەنێوبردنی کەوتنە پیلان داڕشتن و تەنانەت بە بیانووی جۆراجۆر بە دەیان جار

بۆ لاپەڕەی 2

www.arsivakurd.org

# بەربانگ

ئۆرگانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کورستانییەکان لە سوید

ژمارەی 134
گوڵانی 2012
ئۆرگانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان لە سوید
خاوەنی ئیمتیاز: ئایجان شەرمن بۆزئەرسلان
سەرنووسەر: قاسم قارەمانی

هاوکارانی ئەم ژمارەیە:
پرشەنگ توانا
سەلام جزیری
فارس مارسل
ڕێبوار قارەمانی
عەتا بانەیی

مونتاژ: Apec Tryck
ئابونەی ساڵانە:
بۆ تاکەکەس 150 کرۆن
بۆ دام و دەزگای ئیداری 300 کرۆن
بۆ وڵاتی دیکە 400 کرۆن
نرخی تاک ژمارە 25 کرۆن

نرخی پرۆپاگەندە:
لاپەڕەی تەواوی ڕەش و سپی 5000 کرۆن
نیوە لاپەڕەی ڕەش و سپی 2500 کرۆن
لاپەڕەی تەواوی چوار ڕەنگ 8000 کرۆن

ئادرێسی چاوپێکەوتن:
Duvbovägen 59
163 43 Spånga
Sweden

E- post: info@fkks.se

ماڵپەڕ: www.fkks.se
فاکس و تەلەفون: 0046-8- 277255

پۆست گیرۆ: 643880
ISSN 0281- 5699
بەرپرسایەتی هەر نووسراوەیەک لە ئەستۆی نووسەرە.
سەرنووسەر مافی ئەوەی هەیەکە ئەو نووسراوانەی لە دەرەوەرا بە دەستی دەگا سەرڕاست و کورت بکاتەوە

## ئامانجەکانی فیدراسیۆن :

1- کار دەکات بۆ زمان و فەرهەنگی کوردی ، ناسنامە و کلتوورلە سوید .

2- کار دەکات بۆ زمانی دایک تا ووتنەوەی زمانی کوردی ببێتەبەشێک لە سیستەمی خوێندنی سوید .

3- کار دەکات بۆ فرە کلتووری وبە پێی پەیمانە نێو نەتەوەییەکان و پرینسیپە جیهانییەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ

4- کار دەکات بۆ فرەلایەنی ، بەشداری کردن ، گونجاندن ، یەکسانی و دیموکراتی .

5- بۆ دابین کردنی شوێن وجێی پێویست بۆکۆبوونەوە و ژیانی ساڵمەزنان وهەروەها دابین کردنی فەرمانبەری کورد بۆیان .

6- کارکردن بۆ وەک یەکی ، ماف وئەرک و یەکسانی .

7- دژی جیاوازبینی ، دوژمنایەتی و راسیست خەبات دەکات

8- یارمەتی پەنابەرانی کورد دەدات و زانیاریان دەربارەی ئەرک و مافەکانیان دەداتێ ، بۆ ئەوەی ڕێگایەکی ڕاست لە کۆمەڵگای تازە بگرنە بەر .

9- کاردەکات بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر کورد ، کوردستان و پرسی کورد .

10- خەبات دەکات لە پێناو پشتیوانکردنی کۆمەڵگەی سویدی بۆمافی کوردو چارەسەرکردنی پرسی کورد

11- دژی تاوانکردن و مادە بێهۆشکەرەکان خەبات دەکات

12- کاردەکات بۆ مافی منداڵ و پەیوەندی نێوان خێزان .

13- سەبارەت بە مافی پەنابەران و بیانییان ، بە پێی پەیمانە نێونەتەوەییەکان و پرینسیپە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ کاردەکات .

www.arsivakurdi.org

# بەربانگ

ئۆرگانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کورستانییەکان لە سوید



## نەورۆز ڕەمزی خەبات و تێکۆشان

www.arsivakurdi.org